**(*) No nuşte, Koya Berzî senî nuşto, ma winî çap kerd. Yanê, ma ci ra ne herfê vêşî ne zî kemî kerdi.**

**(**) No nuştedê (yazi) Koyo Berzî di 16 finî qisa "gî" ameya nuştiş. Wêrê ci vano illa şimado çiyê ki ez rişena çap kerê. Ki ma ci ra qisa "gî" bivetayê, orte di çiyê nêmendê. Qandê coy mayê nê yazî bi "gî"dê ciya çap kenê. Boka şima ma ef kerê.**

**N. Kirîv**



www.arsivakurdi.org

# VIRADÊ WA BIPERÊ

Metepşê!
Birayên o heyran metepşê.
Hadrê,
De hadrê heyran viradê,
Viradê wa biperê.
Hetê azmînî ya,
Hetê azadî ya,
Hetê bêvengey
Û bê kişt a biperê.

Goştarey,
Dostêno goştarey bikerê.
Goştarey a dêrandê înan,
Goştarey a dêrandê înan,
Goştarey a lorkîyandê înan,
Goştarey a veng û bêvengeyda înan bikerê.
Weş goş a ci nê,
Hele ê yê çiçî vanê
Û çiçî wazenê.
Goştarey bikerê,
Qe ê do ma rê çiçî rê vajê
Û ma ra çiçî biwazê.

Megîrê!
Dostêno vernî megîrê.
Heyranê şima bena,
vernî ya înan megîrê.
Hetê kotî ya perene wa biperê,
Hetê kotî ya şinê wa şirê.
Ê ewro, ê no deqîqe azadê.
Ê destan bin ra,
Halînandê xo ra vijyayê.
Ê yê perenê, ê yê şinê,
hetê azadî û serbestey a.
Qandê coy vernî megîrê.
Viradê wa biperê,
Viradê wa şirê.

Metepşê!
Şima zanê ê ewro senî nê,
Şima zanê, zanê.
Çimê xezalanê ewro înan ser o,
Perê melekanê înan a.
Zor û zordestey,
Zaliman û zilmdê înan bin ra,
Newe reyay, newe vijyay.
Newe marda xo ra bî
Û newê amey dinya,
Û newe çimê xo akerdî.

Metepşê!
Viradê wa biperê.
Hetê kotî ya şinê wa şirê.

Megîrê.
Wa no fin,
Bi zerîda xo ya,
Bi kêfê xo ya
Bê ters û bê xof biperê.
Biperê û çiman ver a vinîbê!

***Koyo Berz***

## HEWNA XELATEY BERBANGI

Heze ki xwendoxê ma zanî, par Berbangi semedê estanik û şîirandê kurdî yew musabeqa hadire kerdbî. Û ebî inawa, hewa verêni xelatey Berbangi ameybî vila kerdiş.

Komîtay Kargerdey Federasyonî emsar zî Redaksîyondê Berbang ra waşt, ki musabeqay diyin zî viraza. Hem teberê welatî ra û hem zî welat ra nuştoxê estanik û şîiran, şênî nuştanê xo berşawî musabeqadey Berbangi rî. Şertê musabeqa hezey parên î. Eke cay şertandê musabeqa di çî bedeliyo, ma do omarey Berbang a 76 di binûsî. Nuştoxî ganî hetanî 15'ê aşmdey 1'in 1992 di nuştanê xo Berbangi rî berşawî.

Ma pawibê nuştandê şimayê erjîyayan î!

**Berbang**



www.arsivakurdi.org




Ruyê Pêş


Muhebbet muhebba kelamê sefis
Nezm kim di silkê çu durrê nefis

Binêrin li şiran nec zaniye
Terkîbeki serfê kurmanc ve

Ji kurmanciya xwe me anî nizam
Mu elia û şêrin û etsen kelam

Ji kurmancîve zede şêrin nive
Welêkin xeridar cendîn nive

Eger min bidîta xeridar der
Rewan de me bikra bi tesbîhê set

Me kêşa eziyet evan cend rûz
Ji Kurdî kîtabek bi saz û bi sûz

Ku da Turk û Faris nebêjin tu ca
Nebûn Kurdî nîşanê isba xedar

Wereng şairê Kurd ê şêrinkelam
Hene şirê wan zêde ehsennizar

Feiek bo me hinde xedar e, çira?
Çihar bo me hinde nevar e çira?
.....

Welêkin te essub nemaye li me
Ji vê Turk û Faris cudave li me

Me ev cend letzê şêrin bêkirin
Zebanê di Tirkan me pê lêkirin

Were saqiya axirê mecils e
Hinik saxeran bine icar bese

Me ev deftera xwe givand axir e
Were cam û ebdanê me dagire

(Şêx Evdirehmanê Axtepî)

Ruyê Paş

Rewdneîm di 1884-an de hatiye nivîsandin, 35 beş e, 4531 malik in û 440 rûpel e. Tev riwayetên kevnare ne û di warê ziman, bêjeyên kevnare û di awayê bikaranîna daçekan de li gorî rewşa rêzkirina bêjeyan di hevokan de û li gorî bikaranîna zemanê wan di bilêvkirina birastî de, gencîneyeke herî dewlemend e ji zaravayê kurmancî re.

Biha: 100 Kron
Navnîşana xwestinê:
Yekitiya Nivîskarên Kurd
Box: 45205
104 30 Stockholm- Sweden

Yekîtiya Nivîskarên Kurd
Kurdiska författarföreningen

کتێبی (ڕەوزونەعیم) کە لە ساڵی ١٨٨٤ نووسراوە، بریتییە لە ٣٥ بەش و ٤٥٣١ بەیت کە لە قەوارەی ٤٤٠ لاپەڕەدا چاپکراوە.
گرنگی ئەم کتێبە لە دارشتنی ڕستەی زمانی کوردی و ڕێزمان و بەکارهێنانی وشەی کۆنی کوردی دایە.
ئەم کتێبە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی زاراوەی کرمانجییە.

نرخی: ١٠٠ کرۆنە
ناونیشان: یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد
Box. 45205
10430 Stockholm
Sweden

# پوستەی بەربانگ

**خوێنەرانی هێژا!**

*لە دڵەوە هیوای بەردەوامبوونتان لە نووسیندا بۆ دەخوازین و دڵنیاین ئەو بە دەنگەوە هاتن و گرنگی پێدانەی ئێوە، باشترین پاڵپشت و پشتگیرین بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشەوەبردنی گۆڤارەکەمان. لەو بڕوایە داین ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ئێوە لەگەڵ نووسیندا، لە دوا ڕۆژدا بەرهەمی چاک و پوختەی وا بەدەستەوە دەدەن کە ئەنجامەکانیان ببنە مایەی شانازی و نموونەی بێهاوتا و دڵخۆشکەر بۆ نووسەرەکانیان. لە ئێستاشدا، ئەوەی ئێمە لە ئێوەی دەخوازین پەلەنەکردنە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانتاندا و هیواداریین بە زیادەوە هەوڵ بدەن زیاتر لەگەڵ نووسیندا ماندوو بن و سوود لە بەرهەمی دیار و سەرکەوتووی ئەوە نووسەرانەمان وەربگرن کە جێدەستیان بە زمان و ئەدەبی کوردیمانەوە دیار و لەبەرچاوە:*

** بەڕێز ئازاد عوسمان - بەرلین*

*- نووسینەکەت (مەبەستی سەدام لە وتووێژ لەگەڵ وەفدی بزوتنەوەی کوردیدا) زۆر کورت بوو، لەبەر ئەوە لەبڵاونەکردنەوەی بمانبوورە و بە هیواین پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکەمان نەبڕیت و لە نووسینیشدا بەردەوام بیت.*

* بەڕێز حەمە شوان - پاریس

- وتارەکەت دەربارەی فیلمی (ئاسۆ) سەرکەوتووانە ئەنجامداوە، بەڵام مخابن لەگەڵ ڕەوتی گۆڤارەکەمان ناگونجێت و ئێمەش پێمان چاکترە کە بۆ بڵاوکردنەوە ڕووبەڕووی گۆڤارێکی تری بکەیتەوە. دواتریش لە پێوەندیتدا لەگەڵ گۆڤارەکەمان بەردەوام بیت، لەگەڵ ڕێزماندا.

* بۆ خاوەنی (بەسەر هاتێک)

- (بە سەرهاتەکەت) گورچکبڕ بوو، بەڵام هەرچەندە پێوەی خەریک و ماندووبووین نەشیا بۆ بڵاوکردنەوە. داوا دەکەین لە بڵاونەکردنەوەی چاوپۆشیمان لێبکەیت و پەیوەندیمان لەگەڵ نەبڕیت.

* بەڕێز کرمانج گوندی

- لەسەر داوای خۆت نووسینەکەت (سۆڤیەت لەسەر دووڕێیانی ستالینزم و پێریسترۆیکادا) لە بڵاوکردنەوە قوتار دەکەین و ئێمەش لەگەڵ تۆدا، پێمان وایە ڕووداوەکان زۆر لەوە پەلە و خێراتر بوون کە چاوەڕوان دەکرا.

* بەڕێز ئامانج شاکەلی

- بەرهەمەکەت ڕێکوپێک و سەرکەوتووانە ئەنجام داوە. پێمان وایە بۆ گۆڤارێکی تر لەبارتر بێت و جێیەکی تایبەتیش بۆخۆی بگرێت. لە بڵاونەکردنەوەی داوای لێبوردن دەکەین.

* بەڕێز بێستون ژاکاو

- ئەرکێکی زۆرت لەگەڵ شیعرەکانت کێشاوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا لە پێڕەوکەدان و نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بۆ بڵاوکردنەوە دەست بدەن، لەبەر ئەوە لە بڵاونەکردنەوەیان بمانبوورە. نەژاکێیت و بەردەوام بیت لەخزمەتی ئەدەبەکەماندا.

* بەڕێز توانا ئەمین

لە شیعرەکەت تەنیا ئەم کۆپلەیەمان هەڵبژارد:

من فرمێسکی تاڵ و سوێرت
بە بزەی خۆر دەشۆمەوە
لە دەروونی پڕ ئازارت
دەبمە تیشک و
هەنسکەکانت قووت دەدەم
خەمەکانت دەخۆمەوە.

چاوەڕوانی بەرهەمی بە پێزترتین لە داهاتوودا.

* بەڕێز ڕەحمان سۆفی

- لە چیرۆکەکەتدا زۆر لایەنت ڕەچاو کردووە. بەڵام تەواوی لایەنەکانت سەرکەوتووانە نەپێکاوە. پێمان وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی لە (مام ڕەسول) سەرکەوتووتر بە دەستەوە دەدەیت و هەنگاوێک لە دنیای جەنجاڵ و پڕ لە گێرمە و کێشەی چیرۆکنووسین نزیکتر دەبیتەوە. چاوەڕوانی بەرهەمتانین.

* بەڕێز باقر ڕۆستەمی

بە جێگەیاندنی داواکەت لە توانای ئێمەدا نەبوو. دەنا درێغیمان نەدەکرد و گرنگییەکی تایبەتیشمان پێدەدا. ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، نووسەرەکانمان بە تایبەت ئەوانەی بە کرمانجی خواروو دەنووسن، پیت عارەوی بەکار دەهێنن نەک لاتینی. ئەگەر کارێکی لەوەی تۆ داوات کردووە، بەرچاومان کەوت، پەیوەندیت پێوە دەکەین و پێترادەگەیەنین.

* بەڕێز مەحمود خۆشناو

بابەتەکەت درەنگ گەیشتە دەستمان. بۆیە نەمانتوانی لەکاتی خۆیدا سوودی لێوەربگرین. بە هیواین لە داهاتوویەکی نزیکدا کاتی بێتەوە و ئێمەش بە بڵاوکردنەوەی لاپەرەیەکی گۆڤارەکەمانی پێبنەخشێنین. لەگەڵ سوپاسماندا.

* بەڕێز م. گزمەیی

هەرچەندە بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی لە ڕێی تۆوە پێمان گەیشتوون سەرکەوتووانە ئەنجام دراون، بەڵام لەبەر نادیاری نووسەرەکەیان نەمانتوانی بۆ گۆڤارەکەمان سوودیان لێوەربگرین. داوای لێبوردن لەتۆ و لە نووسەرەکەش دەکەین و هیواداریین بەردەوام بیت لە پەیوەندیتدا لەگەڵ گۆڤارەکەماندا.

* بەڕێز کاروان عەسکەری - پاکستان

- ئێمە کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو بارە ناهەموارەی ژیانین، کە ڕووبەڕووی ئێوە بۆتەوە و دەرگای زۆر هەوڵ و تەقەلای بە سوودی بە ڕوودا داخستوون. بەڵام لێرەوە، ئەوەی لە توانای ئێمەدا بێت، تەنیا بە دەنگەوەهاتن و گەیاندنی دەنگی ئێوەیە بەو لایەنە بەرپرسیارانەی دەسەڵاتیان هەیە کەهەر نەبێت بۆ ئاسانکردن و لەبارترکردنی ئەو ژیانە سەختەی ئێوە دووچاری بوون، هەوڵێک بدەن. بۆ نووسینەکەشت، لەبەر ئەوەی بابەتێکی کۆک نەبوو بۆ گۆڤارەکەمان، لە بڵاوکردنەوەی بمانبوورە.

* بەڕێز هیوا محەممەد

- تێبینییەکانت بەجێن و ئێمەش هیواداریین بە دڵسۆزییەوە ڕەچاوکردنیان، لە بەجێگەیاندنی کارەکانی داهاتووماندا، لەبیر نەکەین. سوپاست دەکەین بۆ ئەو گرنگی پێدان و بە دەنگەوە هاتنەت.

هیوا

www.arsivakurdi.org

# شانۆگەری - کێ تاوانبارە؟ کێ شێتە؟

**لە نووسین و دەرهێنانی: پێشرەو کەریم شێرە**

ئەم شانۆگەرییە، لاپەرەیەک لە خەباتی دژواری تێکۆشەرانی کورد پشاندەدا لە سایەی رژێمی بەغدا. شانۆگەریەکە باسی زیندان و ئەشکەنجە و خۆراگرتنی تێکۆشەرانی کوردە لە زیندانخانەی رژێمدا.

باسی ئەوە دەکا کە هەندێ کەس لە کاتی ئەشکەنجەدا خۆراناگرن و دەروخێن. هەندێکیش چۆک بۆ دوژمن دانانەوێنن. لە کۆتاییدا هێزی پۆلایی گەل و تێکۆشەران، داروودەستەی رژێم رادەماڵێ و راپەرینەکە دەست پێدەکات و خەڵکی بەیەک دەنگ هاوار دەکەن (بەعسیەکان لە کوردستان بۆ دەرەوە) ئەوەی شایانی باسە، هونەرمەندانی ئەم شانۆگەرییە، هەموویان لاوی لێهاتوون. بەڵام یارمەتییان نەدراوە، چونکە دەرهێنەر کاک پێشرەو لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا گوتی: داوای لێبووردن دەکەین، کە ئەکتەرەکانمان بە جلی خۆیان و بێ مکیاج و مۆسیقا شانۆگەرییەکان پێشکەش کردن، چونکە لە هەموو بارەگاکان داوای یارمەتیمان کردبوو، بەڵام کەسیان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکردین. بینەرانی شانۆگەرییەکە بە گەرمی پێشەوازیان لە ئەکتەرەکان کرد.ئەم شانۆگەرییە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە شەقلاوە پێشکەش کرا. پاشان لە رواندوز لە هۆڵی پاشای کۆرەدا پێشکەش جەماوەری تینووی رەواندوز کرا.



# پیشانگایەک لە شەقلاوە

تابلۆکانی پێشانگاکەی هیوا کەریم رەحیم (بەلێن)، کە ئەم هاوینە لە هاوینەهەواری شەقلاوەدا کرایەوە، رەنگدانەوەی خەباتی درێژەخایەن و ئازادیخوازانەی گەلی کوردە، لە پێناو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکانی خۆیدا.
هونەرمەند لە تابلۆکانی دا، سیاسەتی داپلۆسین و سەرکوتکردنی رژێم و، وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستانی نیشان داوە.سەرکەوتووانە لە بەکارهێنانی رەنگ و تێکەلکردنی شێوە و ئامرازی هونەری جۆربەجۆرسوودی وەرگرتووە.هەستی بینەر بۆ رووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان رادەکێشێ.





*** لە چالاکییە هونەرەییەکانی:**

- لە کاتی خوێندندا بەشداری هەموو چالاکییە هونەرییەکانی سالانی پەیمانگای کردووە.
- لە سالی ١٩٨٥دا لەگەڵ هونەرمەند «دارا محەمەد» پیشانگایەکی هونەرییان کردەوە بۆ کارەکانی کاتی خوێندنی پەیمانگا.
- بەشداری پیشانگای هونەرمەندانی کوردستانی کردووە لە شاری دێرینی هەولێر.
- بە دوو تابلۆی پاستیل، بەشداری رۆژی هونەری لە سلێمانی لە سالی ١٩٨٨دا کردووە.
- بە دوو تابلۆی ئاوی کە دیمەنی گوندەکانی کوردستانن، بەشداری رۆژی هونەری لە سالی ١٩٨٩- .١٩٩دا کردووە.
- لە سالی ١٩٩١ لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا پیشانگایەکی گەڕۆکی کردەوە.

هیوای سەرکەوتن و دوا رۆژێکی گەشتر بۆ هونەرمەند دەخوازین.

---

* لە سالی ١٩٦٥ لە گوندی سۆڵەی سەر بە قەرەدا هاتووەتە دنیاوە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هاوینە هەواری سەرچنار تەواو کردووە. پاشان لە سالی ١٩٨١دا دوای کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان، چۆتە بەر خوێندنی هونەری. لە سالی ١٩٨٤-١٩٨٥دا خوێندنی پەیمانگای تەواو کردووە.

www.mirovakurdi.org



هەڵسا. شایەنی باسە هەر لەم کۆڕەدا بەڕێزان: سەعید ناکام، ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا محەمەد مەلا قادر باسی بارودۆخی ئێستای کورد و نووسەران و هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرد. کۆڕەکە لەلایەن نەوزاد عەلی بەڕێوەبرا.

٤- کۆڕێکی لێکۆڵینەوە بۆ نەژاد عەزیز سورمێ بەناونیشانی (برایەتی- یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی)یەکە سەعدوڵڵا پەرۆش بەڕێوەی دەبرد. پاش تەواوبوونی باسەکە بەڕێزان: فەرەنسۆ حەریری، نەوزاد ڕەفعەت، مەلا محەمەد، نەوزاد عەلی، گۆران، سەعید ناکام، فوئاد جەلال، پاشان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە بە سەردان هاتبۆوە کوردستان چەند تێبینی و سەرنجی لەگەڵ کاک نەژاددا ئاڵوگۆڕ کرد.

٥- ئێوارە کۆڕێک بۆ شیعر خوێندنەوە. ئەم شاعیرانە بەشداریان تیاکرد: (مەلا محەمەد، مەلا گچکە، نەوزاد ڕەفعەت، جەلال بەرزنجی، ئازاد جندیانی، ژیان عەزیز گەردی، کەریم دەشتی، خالید جوتیار، جەوهەر کەریم، مەسعود پەرێشان). ئەم کۆڕە لەلایەن محەمەد خدر مەولودەوە بەڕێوە برا.

٦- کۆڕێکی ڕۆشنبیری بۆ کاک فەرهاد شاکەلی کە بە سەردان هاتبۆوە کوردستان و شەقلاوە بە ناونیشانی (ئەدەب و ڕۆشنبیری لە هەندەران) کە کاک سەعدوڵڵا پەرۆش بەڕێوەی دەبرد. برایان: مەلا محەمەد مەلا قادر، بارزان مەلا خالید، مەریوان وریا قانیع، شیرزاد حەسەن، دوکتۆر نەبەز، دوکتۆر جەمال ڕەشید، محەمەد خدر مەولود، بەهێز، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی. بە سەرنج و تێبینی خۆیان کۆڕەکەیان بە پێزتر کرد.

٧- کۆڕێکی دیکە بۆ شیعر خوێندنەوە بۆ ئەم برایانە: نژاد عەزیز سورمێ، عەباس عەبدوڵلا یوسف، نەوزاد عەلی، فەیسەل دیهاتی، سەباح سابیر حەسەن، ئاودێر. کۆڕەکە جەلال بەرزنجی بەڕێوەی برد.

٨- سێیەمین ئێوارە کۆڕ بۆ شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیرە لاوەکانی شەقلاوە بوو کە شاعیران: سەردار قادر کاوانی، سەرباز مەجید خۆشناو، حەکیم بێتواتەیی، خەلیل خۆرانی، محەمەد ڕەنجدەر، عەبدوڵڵا چۆمانی و...... هتد، بەشدارییان تیاکرد. کۆڕەکە لەلایەن محەمەد خدر مەولودەوە بە ڕێوەبرا.

٩- کۆڕێکی زمانەوانی بۆ مامۆستا (مەلا محەمەد قادر) بە ناونیشانی «گەنجینەی زمانی کوردی» سازکرا. کە لەلایەن کاک نەوزاد ڕەفعەتەوە بەڕێوە برد.

.١- لەسەر داخوازی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر، دکتۆر جەمشید حەیدەری لە کۆڕێکدا لەسەر - کورد و کوردەلۆژی لە سۆڤیەتدا- دوا. کۆڕەکە لەلایەن کاک نەوزاد ڕەفعەتەوە بەڕێوەدەچوو... د. حەیدەری باسێکی مێژوویی لەمەر قۆناغی هاتنی کورد بۆ قەفقاس لەکاتی دەوڵەتی شەدادییەکانەوە تا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کرد. پاشان لەسەر باری کوردەکانی سۆڤیەت دوای شۆڕش و دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور (١٩٢٣-١٩٢٩) دوا، و هەروەها پاشان لەسەر ڕاگوێزانی کوردە موسڵمانەکان لە قەفقاسەوە بۆ ناوچەی ئاسیای ناوەندی لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤. بە درێژی لەسەر باری ژیانی کوردەکانی ئەزربایجان و سیاسەتی شۆڤینستانەی ئەزەریەکان بەرانبەر بە کورد. هەروەها باسی کۆنفرانسی مۆسکۆی ساڵی .١٩٩ی کرد... پاشان بە کورتی باسی کوردەلۆژی لە سوڤیەت، لە دوای کۆنفرانسی کوردناسانی ساڵی ١٩٣٤ تا دوا دەسکەوتی کوردناسانی سۆڤیەت کرد. لە کۆتایی کۆرەکەدا مامۆستایان سەعید ناکام، د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، د. کوردستان مۆکریانی، د. جەمال ڕەشید، د. شوکریە ڕەسول، کاک کاردۆ و هەندی برادەری تری کورد سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر بابەتەکە پێشاندا.

١٢- کۆڕێک بۆ د. جەمال ڕەشید ئەحمەد بە ناونیشانی (زمانی کوردی لە نێوان زانست و مێژوودا)سازکرا. کۆڕەکە محەمەد خدر مەولود بەڕێوەی برد. برایان نەژاد عەزیز سورمێ و نەوزاد عەلی گفتوگۆیان لەسەر باسەکەی کرد. گەلێ پرسیار لەلایەن مێوانەکانەوەش ئاراستەی د. جەمال کرا.

جگە لەم چالاکییەنانە، لیژنەی ڕۆشنبیری نووسەرانی هەولێر هەموو حەفتەیەک بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری بە ناوی (ئەدەب و ڕۆشنبیری) لە هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستان تۆمار دەکات و پێشکەش گوێگری کوردی دەکات.

وێرای ئەمانە یەکێتیی نووسەرانی هەولێر چ بە بروسکە یان بە وتار بەشداری ساڵرۆژی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کردووە و لە بۆنە نەتەوایەتیەکانیشدا ڕۆڵی خۆی گێراوە.

www.arsivakurdi.org

### نامەی ڕۆشنبیری لە شەقلاوەوە:

# لە چالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی هەولێر

***پاش گەڕانەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لە چیاکانی کوردستان و ئەودیوی سنوورەکان و نیشتەجێ بوونیان لە شار و شارۆچکەکان. هەردوای گونجانی زەمینەیەکی لەبار، یەکێتیی نووسەرانی هەولێر لیژنەیەکی بۆ کاروباری رۆشنبیری پێکهێنا. ئەم لیژنەیە لە رۆژی دروستبوونییەوە دەستی بە چالاکی رۆشنبیری و ئەدەبی کردووە. پەیامی نووسەری گەیاندۆتە ئەو خەڵکە تینووەی ئەدەب و رۆشنبیری رەسەن کە ساڵەهایە (شەقلاوەی دامینی سەفین)ی خۆراگرتوو بۆی پەرۆشن.***

***ئەوەی خوارەوەش تەواوی چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیرییە کە لە ١٩٩١/٦/١٣ تا ١٩٩١/٨/٢٢ لە شەقلاوە سازکراوە.***



لە بواری کۆڕی ئەدەبی رۆشنبیری دا:

١- کۆڕێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بۆ محەمەد مەولود بە ناونیشانی « سۆزی دووری و خۆشەویستی نیشتمان لە شیعری عەبدوڵلا پەشێودا» ئەم کۆڕە لە ١٩٩١/٦/١٣ سازکرا و گوشاد حەمە سەعید بەرێوەی برد.

٢- کۆڕێک بۆ یادی ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی «سەیدا سالح یوسفی». تیایدا مامۆستایان: سەعید ناکام، د. عزەددین مستەفا رەسول، د. مەحمود عوسمان، مەلا محەد قادر، مەلا بەختیار و..... هتد بەشدارییان کرد، بە بیرەوەری و سەرگوزشتەی تایبەتییان لەگەڵ سەیدادا، گەلێ لایەنی ژیانی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسی (سەیدا سالح یوسفی)یان روون کردەوە. روسکە و پیرۆزبایی حیزب و رێکخراوییە هونەری و ئەدەبیەکانیش بەم بۆنەوە کۆڕەکەی بە جۆش تر کرد. کۆڕەکە لەلایەن (نەوزاد عەلی)یەوە بەرێوە برا.

٣- کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە و لێدوان لە دەقەکان بۆ چیرۆکنووسان (رێکار ئەحمەد، محەمەد خدر مەولود، مەولود ئیبراهیم حەسەن) و لێدوانیش لە چیرۆکەکان مەریوان وریا قانع پێی

تەنیا لە ژووری گەرمەوە
ڕۆمانسییە و هەستی مرۆڤ دەبزوێنێ.

ئەی لە سموورە ڕەشەکان بێکەستر
ئەم شارە دڵبەردە
تەوقە لەگەڵ ئێوە ناکا
بە ڕووی ئێوە پێ ناکەنێ
ئەی ژنە لە گوڵ چووەکە
ئەم شارە دڵبەردە
کە بەیانییان لە خەو هەڵدەستێ
رووخساری لە کاغەزی گوشراو دەچێ
ئێوە لە پەنای لۆچی رووەمەتیدا
هەور لێفە و شەقامیش دۆشەکتانە.

ئەی ژنە لە گوڵ چووەکە
ئەوانەی بێزیان لێتان دەبێتەوە
ئەوانەی حەزناکەن سێبەریشتان ببینن
دەرگای ئەقڵیان کلیل داوە و
کلیلیشیان فڕێداوەتە ناو دەریا.

ئەی ژنە لە گوڵ چووەکە
تۆش حەزت دەکرد
لای لایەت بۆ منداڵێ بکردایە و ببوای بە دایک
حەزت دەکرد ئەم تەنیاییەت
نە لە «مسی‌سپی» درێژتر و
نە ئاسمانیش گەورەتربا.

ئەی ژنە لەگوڵ چووەکە
کە هەرزەکار بووی، وەک تازە بووک
ڕۆژی چەند جارێ لەبەر ئاوێنەدا خۆت جواندەکرد
چاو گەش و دەم بەخەندە
لێوت ڕەنگی دەنکە هەناری دەکرد
ئەوساش هەر لەگوڵ دەچوویت
کە ئێواران لەناو شاردا پیاسەت دەکرد
مانگ خۆی دەشاردەوە و
شەقام لەبن پێت ڕایدەکرد
ئێستاکەش وا، هەرلەم شارە دڵبەردەدا
بێ ماڵ، بێ ئاوێنە و بێ شانە
بێ بۆیەی ڕەنگ دەنکە هەناری بۆ سەرلێو
لە باخچەدا هاوڕێی کۆتری و
لەناو شاریش هی پەناگا.

١٩٩٠

# ئاگاداری و پەرۆش و سوپاس

ڕۆژنامەی «سەردەمی نوێ» لە مانگی ڕێبەندانی ١٩٨٦دا وەک یەکێک لە بنەماڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، بە هیممەت و کار و تێکۆشانی چەند نیشتمانپەروەرێکی کوردی دوورە وڵات لە دەرەوەی نیشتمان هاتە مەیدانی خەبات لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوەدا و ماوەی (٥) ساڵ بەبێ ڕاوەستان لە مەیدانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا خەباتی خۆی درێژەپێدا. دەستەی نووسەرانی «سەردەمی نوێ» ناهەقی نییە ئەگەر شانازی بەوە بکا، کە ڕۆژنامەی «سەردەمی نوێ» لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، تاقە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بوە کە بەبێ وەستان و لە ماوەی (٥) ساڵدا (٥٤) ژمارەی لێ چاپ بکرێ و بڵاوبێتەوە. «سەردەمی نوێ» لەم ماوەیەدا لە نێو کوردەکانی دەرەوەی وڵات، لە ئەمریکا و ئەورووپا و پاکستان و ئوسترالیا و تورکیا و هەروەها ئێران و عێراقیش جێگای خۆی کردەوە و سەدان کەس لە ڕووناکبیرانی کورد بە تاسەوە چاوەڕوانی دەرچوونی دەبوون. بەڵام دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئاوا، بەو گرانییەی مەسرەفی چاپ و بڵاوکردنەوە، تا چەندە دەتوانێ لە وزەی چەند کەسێکدا بێ و بتوانێ درێژە بە تێکۆشانی بدا. بە تایبەت ئەگەر هیمەتی ڕۆشنبیر و خوێنەرانی کوردیش بۆ یارمەتی و ناردنی ئابوونە و یارمەتی بڵاوکردنەوە لەبەرچاو بگرین، مەسەلەیەکی ڕوونە!
لەگەڵ داخ و پەرۆش بۆ ڕاوەستانی «سەردەمی نوێ»، پێویستە ئەوەش ڕوون کەینەوە کە لە وڵاتی سوێد بە گوێرەی یاسا و ترادیسیۆنی پەسندکراو هەر ڕۆژنامەیەکی (٨) ژمارە بە دوای یەکدا بڵاوبێتەوە، یارمەتی پێدەکەن.
ڕۆژنامەی «سەردەمی نوێ» سەرەڕای ئەوە (٥٤) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە و چەند جاریش داوای یارمەتی لە (کولتورروود)ی سوێدی کرا، تائێستا هیچ یارمەتیەکی پێ نەکرا.
چونکە ڕۆژنامەیەک بوو لە دەرەوەی وڵات کە بەبێ سلکردن جنایەتی حکومەتە دیکتاتۆر و داگیرکەرەکانی کوردستانی لە قاو دەدا و بیری کوردایەتی پێشکەوتووخوازانەی بڵاو دەکردەوە.
دەستەی نووسەرانی «سەردەمی نوێ» لەو کاتەدا کە بە پەرۆشەوە وەستانی «سەردەمی نوێ» ڕادەگەیەنێ، هەر لەو کاتەشدا لە دڵەوە سوپاسی ئەو کەسانە دەکا کە لە باری نووسین و بڵاوکردنەوە و ناردنی ئابوونە و یارمەتیان داوە و هەروەها لەم سوپاسەدا ئەو کەسانەش وەدوا ناخات کە ماوەی (٤) ساڵ ڕۆژنامەیان بۆچووە و تەنانەت پارەی پۆستەشیان بۆ ڕۆژنامەکە نەناردوە.
داوای لێبوردن لەو کەسانەش دەکەین کە ئابوونەی چەند مانگێکیان مابوو کە سەردەمی نوێ لە بڵاوکردنەوە وەستا.

*دەستەی نووسەرانی «سەردەمی نوێ»*

**خەڵاتی بەربانگ**
وەک خوێنەران دەزانن، ساڵی پار «بەربانگ» پێشبڕکێی چیرۆک و شیعری کرد. بۆ باشترین بەرهەم خەڵاتی بەربانگ پێشکەش کرا.
لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی کارگێر، دەستەی نووسەرانی «بەربانگ» ئەم ساڵیش بڕیاری درێژەپێدان بەو ڕەوتە دەدات و پێشبڕکێیەک بۆ چیرۆک و شیعر ساز دەکات. چیرۆکنووس و شاعیرانی کورد چ لە وڵات یان لەدەرەوە بۆیان هەیە بەشداری تێدا بکەن، بە هەمان مەرجی ساڵی پار. دوای دەست نیشانکردنی کۆمیتەی ژووری پێشبڕکێ، هەندێ لە مەرجەکان، لە ژمارەکانی داهاتوودا، بڵاودەکرێنەوە. ئەوانەی بەشداری پێشبڕکێیەکە دەکەن، دەبێ تا ١٩٩٢/١/١٥ بەرهەمەکانیان بگاتە «بەربانگ»، بۆ وەرگرتنی بەرهەمەکان، تاریخی پۆست لەبەرچاو دەگیرێت. ئێمە چاوەڕوانی بەرهەمە بە چێژەکانی ئێوەین.

www.arsivakurdi.org

# پاڵتۆ سوور !

رزگار عەبدوڵلا

لەم شارە دڵبەردەدا
تەنیایی، قەلەرەشێکی باڵ چەقۆیە و
لە بەرزایی ملدا دەفڕێ.
بۆیە خەڵکی شار، وەک پیری پشت کوور
پیری هەناسەسواری ڕێگە دوور
دەست لە ئەژنۆ ڕێندەکەن و
کەس یەکتری نابینێ
کەس یەکتری ناناسێ
کەس بیر لەوە ناکاتەوە
کە رەنگە، ئەورۆژە بێ
قەلەڕەشەی باڵ چەقۆ
لە بەرزایی ئەژنۆدا بفڕێ.

دوێنێ ئێوارە
ژنێک هەتا ناو باخچەیێکی شار
قژی شانە نەکراوی
دەتوت هەوری بەهارە، کە شنە با ڕایدەماڵێ
دەستی لەرزۆکی سەر ئەژنۆی
لە درەختی ناوناو دەچوو
لەسەر کورسییەک دانیشتوو سەیرێکی ئاسمانی کرد
لە گیرفانی پاڵتۆ سوورەکەیدا
لەتێ نانە ڕەقی دەرهێنا
وردی کرد و هەڵیدایە بەردەم کۆترێک
ئەوانیتر لە دوورەوە ناسییانەوە
زانییان ژنە پاڵتۆ سوورەکەیە
ئەو ژنەی کە چوار وەرزی ساڵ
لە دوورەوە لە گوڵ دەچێ
ئەو ژنە کە نانەرێکی بە ئەمەکە و
دەست بەتاڵ نایێ بۆ باخچە
پۆل پۆل هاتن لە چواردەوری کۆبوونەوە
بیست ساڵ دەبێ
ئەم ژنە پاڵتۆ سوورە
تەنیا کۆتر هاوڕێیەتی.
بیست ساڵ دەبێ
تەوقەی لەگەڵ کەس نەکردووە.
بیست ساڵ دەبێ
ئەم ژنە لە دوورەوە لەگوڵ چووە
لەژێر ئەستێرەدا دەنوێ.
بیست ساڵ دەبێ
لەم شارە دڵبەردەدا
وەک «رۆبینسۆن کرۆسۆ» دەژی.
بیست ساڵ دەبێ
ئەم هەست دەکا
تاکە درەختی بیابانە و
نەچۆلەکە لەسەرشانیدا دەجریوێنێ
نەکاروانێ بەلای ئەمدا گوزەر دەکا.

شەو ڕاشکا و باران دایکرد
ئەنواژینەکان لەڕولاواز
وەک سنەوبەر، وەک دار هەنار
وەک دوێنێ شەو
لەبن کارتۆندا، لەناو بەرمیلدا
دەست لە ئەژنۆ گرمۆڵەن
نەکا باران تەریان بکا
خەواڵوون و ناوێرن چاو لێکبنێن
نەکا سەرما ڕەقیان بکا
ئەی لە سمۆرە ڕەشەکان بێکەستر
ئەم بارانەی کەوا ئێستا
بەم تاریکە شەوە
بەسەر پشتی «تۆرنتۆ»دا دەبارێ
ئەم بارێزە ناوەختە
کەبەر جامی پەنجەرەی ژوورە سوورەکان دەکەوێ و
درەختی سەرشەقامەکان دەهەژێنێ
دیمەنێکە، تەنیا لەو دیوی پەنجەرەوە

www.arsivakurdi.org

## شیعر

# دیوەرەو کەر*

«عەبدوڵلا پەشێو»

دیوەرەیەک* بە سواری کەر
ڕێیەکی دووری گرتە بەر
نەیهێشت کەر پشوویدا بێنێ
تاگەیشتنە بژوێنێ
کەر کە بینیی لەو ناوە
گیا و گوڵ سەری پێوە ناوە
میوانی گەورەی سروشتە
نەخێو، نە باری لە پشتە!
بە زەڕە زەڕە غارەغار
دنیای هەموو کردە بەهار
لەپڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەو دیو تەلان
هەروا هۆریا و دەنگە دەنگە
ئیتر زانیی کاری لەنگە!
گوتی: «کەرەگیان ! گوێ گرە،
ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە !
تازوە، وەرە بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم»
کەر دایە قاقای پێکەنین:
«خاوەنەکەم، هاوڕێی شیرین !
بارەکەی من لە خۆت بارکە،
هەتا زوە خۆت ڕزگار کە،
کەمن کەر بم، بارەبەر بم،
کورتان لەپشت، گەم* بەسەر بم،
فەرقی چییە، دەرد هەر دەردە
کەری تۆبم یاهی جەردە* !»

* ئایدیای ئەم هەڵبەستە هی نووسەری فەرەنسی لافۆنتینە (١٦٢١- ١٦٩٥).
* دیوەرە: چەرچی، وردەواڵەفرۆش گەڕۆک.
* گەم: هەوسار، جڵەو.
* خێو: خاوەن.
جەردە: ڕێگر

# خەم مەخۆ گوڵم !

ع. هاوار

گوڵم! بە چاوی پڕ لە خەم قسەم لەگەڵ مەکە!
کە دێمی دڵ،
لە مێژە چاوەڕوانی غمزی بزەی دەمی جوانتە ...
گوڵی پەڕیوە ڕەنگی خیزەڵێنی گیانی تاسەبار،
شنەی بەهارەکەم!
چاوەڕێی وتە و دوانتە ...
**
بەمن مەڵێ:
مەلانی بەرزەفڕ بەدڵشکاوی و ئەوین بڕاوی و پەژارەوە
بەرەو هەواری نادیاری ئەوپەڕی خەیاڵی بێ سنوور،
لە مێژە کۆچی خەم دەکەن ...
مەڵێ کە ویشکە سوێمە، دێوی شەو بناری گرتووە،
بەرهەڵستە زێوی قاڵی سەرتەزێنی مەستی هێنی کانیاو،
کوڵی دڵم لەنێو بەرێ ...
مەڵێ نەمامی ژینی پڕ جەفا و جەخارەکەم،
ڕواوی شۆرەکاتە، ہرکە مردووە،
چرۆ و گەڵای وەراندووە،
محاڵە تازە بێتەبەر ...
**
لەبیر مەکە چنوورەکەم!
کە هەوری ناهومێدی بۆتە هۆی خەمت ...
کەچی نزیکە ڕووگەی ئارەزوو،
وچانی بگرە هەر سبەینێ زوو،
شنەی شەماڵی شادی هێنی کێو و کەژ،
دەبێتە تێکەڵی خوڕەی شەتاوی بەرێنار ...
گزنگی بەرەبەیانی دڵڕفێنی خەمڕەوێنی شەوتەرێن،
دەبێتە لاپەری شەوەی شەوی ڕەشی بناری تازیەدار ...
جوانە دیمەنی ژیانی نوێ دەبێتە هۆی بزە،
لەهەر کوێ زەلکەیە دەبێتە مێرگی دڵڕفێن ...
مەلانی دوورەلاتی تاسەبار،
بە مۆسیقای ئەوینەوە،
بەرەو وەڵاتی کوردەواری دێنەوە ...
پەژارە لادەچێ و بە پێکەنینەوە دەڕۆینە گوڵچنین ...
لە بەرزە کۆوە قاسپە قاسپی باڕەکەو،
سەما دەخاتە بەژنی ڕێکی خوازنی ئەوین ...
**
گوڵم !
نزیکە، خەم مەخۆ ...

*چیا - ڕیبەندانی ١٣٥٩ ( ١٩٦٠.)*

فێرم کردن کە منیان خۆش بووێ. دەمبردنە سەر سەربان و لەوێ من و سیروان بەجووتە یاریمان لەگەڵدا دەکردن. دوایی باڵەکانیان هاتنەوە، درێژبوون.. هەڵمەدەدانە سەر ئالیەری تەلەفزیۆنەکەمان، ئیدی بۆ خۆیان فێری ئەوێ بوون و لەوێ هەڵدەنیشتن. هەر کاتێ منیان بدیبایە، دەهاتنە لام و بەیەکەوە کایەمان دەکرد. ڕۆژێکیان چەند چەکدارێک، ئەوانەی کە لەسەر فولکەو شەقامەکان رادەوەستن. بۆ گرتنی کوڕێکی دراوسێمان هاتنە گەڕەک. ئەویش نەیدەویست خۆی بداتە دەستیان، هاودیوی سەر سەربانی ئێمە بوو. دەست ڕێژیان لێ کرد. لەگەڵ یەکەم دەسترێژدا زامدار بوو، بەبرینداری قۆڵ بەستیان کردو رایان پێچا. دوایی کە چوومە سەربان، بینیم کۆترەکانی منیشیان پێکابوو. ئیدی نە ئەو کوڕەم دیتەوە، نە کۆترەکانیشم مابوون تا گەمەیان لەگەڵدا بکەم. بۆیە بڕیارم دا دەبێ تۆڵەیان بسێنمەوە. ئەو نیازەم بۆ برادەرێکم درکاند، ئەویش بەڵێنی پێ دام نارنجۆکێکم بۆ پەیدا بکا، تا بیخەمە نێو یەکێ لەو شۆفرلێتانەی کە بە پڕی لە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە، چونکە من دەمزانی منالان چۆن نارنجۆک هەڵدەدەنە نێو ئەو ترومبێلانە!

ڕۆژی شەممە بوو. ئەو ڕۆژە نەچوومە دوای سیروانی هاوڕێم. یەکسەر نارنجۆکەکەم خستە نێو جانتاکەمەوە.. دەمزانی لە کام شەقام زیاتر دەسوڕێنەوە شۆفرلێتێ رەت بوو، شوێنەکەش قەڵەبالغ بوو، نەمتوانی نارنجۆکەکەم دەربهێنم. یەکێکی دیکە هات و ویستم جانتاکەم بکەمەوە، هێندەم زانی منیان گرت و ڕفێندرام . ئەو ڕۆژە بە درێژایی چەند کاژێر من و قامچی بەڕووی یەکا هەڵدەشاخاین.. ورتەم نەکردو کەڕو لاڵ ئاسا خۆم نواند. دوایی خرامە ژوورێکی تاکبەندییەوە. چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە. ئەوسا ڕۆژێکیان چاویان بەستم و دەریان هێنام، سواری ترومبێلێکیان کردم. من هەتا «سێسەدو شەستم» ژمارد. دایان بەزاندم. لە دارێک شەتەکیان دام. چاوەکانیان کردمەوە، تەماشای ئەملاو ئەولای خۆمم کرد. لە ریز منەوە چەند هاوتەمەنێکم پەل زەفت کرابوون. لە پێشەوەش ریزێک کلاو سەوز کە تەنها کونی چاوانیان دیار بوون، سیرەیان لێ گرتبووین و مێزەیان خۆش کردبوو. خەڵکێکی زۆریشیان کۆ کردبۆوە ... یەکێکیش قسەی بۆ دەکردن. تێگەیشتم دەی گوت:

– ئەوانە ئەو تولە سەگانەن کە دەیانەوێ ئاژاوەمان بۆ بنێنەوە، ئەوانە وەکو مارن، گەرمیان بکەیتەوە دەتگەزن. ئەوانە چاو ساغی دوژمنی گەل و نیشتمانن.. پردەبازی داگیرکەرن و شایانی مردنن...

ناوە ناوە قسەکانی خۆی دەبڕی، ئەوانی دیکەش چەپڵەیان بۆ لێدەدا. لە سەرەتادا هەستم بەشل بوونی قاچەکانم کرد، خەریک بوو بەتەواوی شەنگم نەمێنێ.. یەکێک لە تەنیشتمەوە هاواری کرد:

– مەمکوژن، من بێ تاوانم! ئاخر نازانم لەسەر چی گیرام.

یەکێکی تر:

– بۆ خاتری خوا مەمکوژن، خوا ئەو زوڵمە هەڵناگرێ.

منیش خەریک بوو هاوار بکەم و بپاڕێمەوە، بەڵام قاقای پێکەنینی حەشامەتەکە، رایچڵەکاندم. زانیم بە هاوارو پاڕانەوە پێ دەکەنن. ئەوسا منیش ویستم بەوانە پێبکەنم. بەڵام هێندەی کردم لێوەکانم نەکرانەوە.. لەو کاتەدا کۆترەکانی خۆم بینی بەسەر ئێمەوە هەڵفڕین. گوێم لێ بوو، پێ یان گوتم:

– سەرت بەرز راگرە، هاوار مەکەو مەپاڕێوە!

منیش سەرم بەرز راگرت و نە پاڕامەوە و هاواریشم بۆ ئاسمان نەبرد. هەر ئەو کاتە هێزێکی شاراوە لە ناخمدا سەری کرد، هەستم کرد زۆر بە جەرگم و لەمردن ناترسێم، هێزە شاراوەکە هرووژمی هێنا و پاڵی پێوە نام کە پڕ بە گەرووم هاوار بکەم:

– لە مردن ناترسم و داهاتوو گەش دەبینم...

پڕ بە دڵ حەزم دەکرد یەک دوو پەیڤی دیکەش بچنم، بەڵام گەیشتنە سەرم و دەمیان بەستمەوە. هێزێکی داکراوی دیکە تەکانی دەدام و دەیویست ئەو پەتە بپسێنێ کە پێیان گرێ دابووم. گوێم لە هوتافێک بوو:

– ئەی مرۆڤ کوژینە لافاوی خوێنی ئێمە راتان دەماڵێ

دەمی ئەویش و ئەوانی دیکەشیان بەست. دەسترێژێکی بە کۆمەڵ کرا، بارانی گوللەمان ماچ کرد. ئیدی ئەمن ئەو «کاروانە» نەبووم کە چەند چرکە لەمەو پێش قسەم دەکرد. بەڵکو لاشەیەکی سوور رەنگی بێ گیان بووم، نە هەستم بە ئازار دەکردو نەچاوانیشم لە تەواو کردنی خوێندنەکەم بوو. ئێستاش لە گۆڕستانی شارەوانی چاڵ کراوم.

منیش پڕ بە دەنگی خۆمەوە هاوارم کرد:

– نا، نەخێر تۆ نەمردووی، ڕۆژێک دادێ دەگەڕێیتەوە.

لەگەڵ دەنگی خۆمەوە وە ئاگا هاتم. یەک پێ لەنێو پێخەفەکەم دەر پەڕیم. هەموو گیانم وەک جۆلانە دەهەژایەوە... قەدەرێکی باش هەڵ لەرزیم. دوایی گلۆپەکەم داگیرساند.. قەدەرێکی باشیش چاوم بڕیە ئەو شوێنەی کەلێی راوەستابوو. ئەوسا بڕیارم دا چی لە بەیانی زووتر نییە، دەبێ بچمە گۆڕستانی شارەوانی..

***

ئێستا ئەو هەواڵە بەو شێوەیە باسی لێوە ناکرێ.. تەنها دەڵێن گوایە ئێستا پورەخەجێ وەکو جاران گوێ بۆ قسەکانی ئەم و ئەو شل ناکا.. دەڵێن زۆریش ئەو کوڕەزایەی خۆش دەوێت کە ناونراوە «تۆڵە» و پێی دەڵێن «مامە». بەڵام دەڵێن ئێستا هەواڵێکی دیکە، هەواڵی دەربازبوونی «سیروان» کراوەتە ئەفسانەیەکی قەدەغە... هەندێک دەڵێن:

– بۆ خۆی زیرەک بوو هەر کە هەستی بە خۆی کرد، خۆی دەرباز کرد.

هەندێکی دیکە دەڵێن:

– ئەوانەی شاخ بەدوایدا هاتن و قوتاریان کرد.

کەسانی واش هەن دەڵێن:

– کێ ناڵێ ڕەوانە نەکراوە! هەرچەن مانگی ترەو پەیدا دەبێتەوە، ئەگینا «یا سێوێ» چۆن دەتوانێ ئەوەندە هات و چۆی بکا!!؟

١٩٨٩/١٠/١٥



www.arsivakurdi.org

- ئەگەر بەمن بڵێی کاکە هەرچیت گەرەک بێ، دەت دەمێ.

ئای زەمانە چ ڕۆژگارێکی خۆش بوو وازوو را دەبوون! ئەمن نەمدەتوانی دەرک بەوە بکەم کە چەندە یەکتریان خۆش دەویست و چۆن خودویان داپووە یەکتر، مەگەر خوا بۆ خۆی بیزانیبایە چەندە متووی یەکترن.. وات دەزانی دووبرای هاوزگی یەک دایک و باپن. ئەگەر لەسەر زەین مابم وابزانم دوو هەفتە بەر لە هاتنە دنیای «سیروان»، «کاروان» لەدایک ببوو. ئەو ڕۆژانەی کە خەجێ دەچووە ئیش. لای منی بەجێدەهێشت، منیش شیرم بە هەردوکیان دەدا. کە گەورەش بوو قەت نەیدەگووت باجی سێوێ، هەر دەیگووت «دادێ». ئەو جارەش پێی گوتم:

«دادێ ئەوە تۆش خۆم لێ نەناس دەکەی؟!»

ئیتر نازانم چیم بەسەر هات، هەرئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو کە قیژاندم و هاوارم کرد:

- کاروان ... کاروان.

ئەوەم بۆ لێک ناکرێتەوەو نازانم چەندی خایاند ، بەڵام کە پێڵوەکانم کردنەوە، «سیروان» لەسەرێنکانم بوو و ئاوی دەپرژاندە دەم و چاوم و جارجارەش نزگرەی دەهاتێ. بە دەنگێکی نیوە نووساو گوتم:

- کوا کاروان؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟ ئەدی ئەویش لێرە نەبوو؟!.

- چووە ماڵی خۆیان. دوایی .. دوایی..

کە تەواو هاتمەوە هۆش خۆ، زانیم لەبەر دڵی منە وا دەڵێ. چونکە لە مانگەکانی سەرەتادا کە کاروان بزربوو. کەس نەیدەوێرا قسەی لەگەڵدا بکا، لە هوڕژنی گریانی دەدا. بەڵام ئێستا باشتر بووە، خۆ ئێستاش لە هەر شوێنێ باسی کاروان بکرێ، یەکسەر هەڵدەستێ و ئەو شوێنە جێ دەهێڵێ. هەندێ جاریش ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ و بە ئارامەوە دەڵێ:

- حەز ناکەم کەس باسی ئەوم لا بکاتەوە، تازە بووە پارووی بەنانی. پاروش کەوتۆتە قوڕگی نەهەنگەوە.

«یا سێوێ» سوێند دەخواو دەڵێ:

- ئەمەم بۆ خەجێ نەگێڕاوەتەوە.

بەڵام دەڵێن پوورە خەجێ بەمەشی زانیوە. هاتۆتە لای یاسێوێ و لێ پاڕاوەتەوە تا بۆی بگێڕێتەوە. پرسیویەتی:

- ڕەنگ و ڕووی کوڕەکەی خۆش بووە یان نا!؟ ئەرێ کزو خەمبار دەهاتە بەرچاوان، یان هەر دەم بە پێکەنین بوو؟ ئەدی نەیدەگوت بەدایکم بڵێ با چاوەڕێم بکا و ڕۆژێک دادێ دەگەڕێمەوە.

ئەم ڕووداوە خەریکە دەکرێتە ئەفسانەیەکی پڕ سەیر و سەمەرە. هەر بابایە بۆ خۆی گلۆرەکە هەڵدەوێژێ، جارێک بە زیندوویی چاوان گۆڕی دەکەن، جاری واش هەیە چەکێکی دەدەنە دەست و لەگەڵ ئەو کەسانەدا پێشوازی لێ دەکەن کە نیوە شەوان خۆیان بە گەڕەک و بازاڕی شاردا دەکەن.

(مامۆستا برایم)یش بەو جۆرە هەمبانە بۆرەی خۆی دەکاتەوە:

- یەک دوو هەفتە بوو، نەهاتبووە فێرگە، منیش وەکو تەواوی مامۆستاکان نیگەران ببووم، ئاخر ئەو دووساڵەی کە هاتبووە ناوەندی، هەر بەیەکەم دەرچووبوو. لەم و لەومان دەپرسی. کەس هەواڵی ڕاستی لا نەبوو. ڕۆژێکیان «نامەیەکی نهێنی» بە بەڕێوەبەر گەیشت، ئەویش هەر ئەو کاتە تابلۆی شەرەفی هێنایە خوارەوەو وێنەکەی ئەوی لێ دەرکرد. ئەگەرچی زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بەڵام چیمان پێ دەکرا. ئەگەر بەوەش باوەڕم پێ ناکەن، فەرموون بڕۆنە «دائیرەی نفووس» بزانن لەوێش ناوەکەی نەسڕاوەتەوە.

ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش منیش سەرم لێ دەرناچێ، بەڵام ڕازێکی نەدرکاوم هەیە کە تا ئێستا بۆ هیچ کەسم باس نەکردووە. شەو درەنگانێک هاتە سەردانی من و تا بەرەبەری بەیانی بەیەکەوە بووین. وەکو جاران سەیری هەموو پەرتوکەکانی نێو پەرتوکخانەکەمی کرد. دیوانی چەندین شاعیری پەڕ بە پەڕ هەڵدایەوە. بەڵام داوای هیچی لێ نەکردم. بە خەمباری دانیشتەوە. یەک دوو هەناسەی قووڵی هەڵکێشا. پەرێشان هاتە بەرچاوم، کەچی بواری ئەوەی نەدام پرسیاری لێ بکەم، ڕووی تێ کردم و گوتی:

- ئەرێ ئەتۆ شیعر ناهۆنیتەوە؟!

- بەداخەوە، خوا ئەو بەهرەیەی پێ نەداوم، بۆ؟

- چەندم حەز دەکرد ئەو بەسەرهاتەی تەمەنی دروێنە کردم، بکرابا بە شیعرێ، بێ گومانم ئەو بەسەر هاتەی کە تا ئێستا وەک ڕازێکی نهێنی هەڵمگرتوون، هەوێنی جوانترین شیعرە، باشتریش وایە ناوی شیعرەکە بنرێ «لەشوێن ئەستێرەی داڕژاو مانگێک هەڵدێ»

هەستم دەکرد، گەورە بووەو زۆر لەخۆی مەزنتر دەهاتە بەرچاو. تەواو ئادگاری لە پیاوێکی بە هەیبەت دەچوو، قسەکانی بەڕێ و جێ و سەرنج ڕاکێشەر بوون. حەزت دەکرد ئاخافتنەکەی تەواو نەبێ و تۆش هەر گوێی بۆ هەڵبخەی! کەمێ بێ دەنگ بوو، سەری هەڵبڕی و تەماشای کاژێری قەد دیوارەکەی کرد، میلە کورتەکەی خەریک بوو بخزێتە سەر سنگی چوار..

- درەنگە دەبێ بڕۆم، بەڵام بەر لەڕۆیشتن حەز دەکەم ئەو ڕازە نهێنییەت بۆ بدرکێنم! لەبیرت نەچێ ڕاسپاردەیەکەو پیاوی دەست پاکی دەوێ..

دەڵێن ئیرۆ بەسەرهاتی منیان کردۆتە ئەفسانەو هەر یەکێ بە ئارەزووی خۆیەوە کەم و زیادی دەکا. ئاخر خۆ من دێو و درنج نیم! تا بە ویستی خۆیان لێرەو لەوێم ببینن. منیش وەک تەواوی ئەو خەڵکە مرۆڤ بووم و ژیانم خۆش دەویست و حەزم لە تەبایی و تەناهی دەکرد.. بەڵام تەلی دڕوویان بەدەورمدا کێشا و چوار لایان لێ تەنیم. پڕ بە گەرووم هاوارم کرد، ویستیان دەنگم خامۆش بکەن. منیش ڕقی پیرۆزی بەر خۆدانم خستە نێو نارنجۆکێک و ئامادەبووم بی تەقێنمەوە. لەوە زیاتر سەرت نایەشێنم و کورت و کورمانجی بۆت دەگێڕمەوە.

منداڵ بووم، ڕەش و سپیم بۆ لێک نە دەکرایەوە، حەزم لە بەخێو کردنی کۆتر بوو. هەر کە لە فێرگە دەگەڕامەوە کۆترەکانم هەڵدەفراندن، بەڵام من کۆترم زیندانی نە دەکرد. کاتێ بۆ یەکەم جار جووتێکی سپی ڕەنگم کڕی، باڵە کانیان لە بنەوە دەرهێنرا بوون.

www.arsivakurdi.org

کورتە چیرۆک

# ئەستێرەی داڕژاو

رێکار ئەحمەد

دەڵێن بچێتە خەونی هەرکەسێ، دەڵێ: (بەدایکم بڵێن من زیندووم، با چاوەڕێم بکا رۆژێک دێ دەگەڕێمەوە). هی وا هەیە بەسەر خۆی ناهێنێ و خۆی دەکاتە بەردی بن گۆمێ، هی واش هەیە تەنها بۆ نزیکەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، کەسانی واش هەن زگیان بەو دایکە بێ چارەیەی دەسووتێ و دەیانەوێ دڵخۆشی کەن. لەسیر تا پیازی بۆ دەگێڕنەوە، ئەویش لە خۆشیان لە هورژنی گریان دەدا.. قەدەرێک دادەمێنێ.. وەکو گوڵ دەگەشێتەوە. ئەوسا دەڵێ:

- « خوا بەدەمت دا بڕوانێ.. بێنە ئەو دەستانەت ماچ بکەم. خوا بکا لەو چاوەڕوانییە دەربچم، بەهەق بەخشینت دەکەوێ!». دەست بەجێ نەزر دەگرێ و یەک دوو کوشتیان لە عەردی دەدا.

رۆژ دوای رۆژ ئەم هەواڵە چڕوپڕتر دەبێ، هی وا هەیە دەڵێ: دەتوانم بە هەردوو پێیان بچمە سەر قورئان، کە ئێستا لەمن زیندووترەو وەک بزنە کێوی بەو شاخانەوەیە). هەندێکی دیکە دەڵێن: (سەرمان لەو بەزمە دەرناچێ! کێ دەزانێ ئەو پیرێژنە چ ئۆینێکی لەبن سەردایە! کێ نالێ، هەواڵیشی هەیە، بەڵام... لەو جۆرانەمان زۆر دیون). بەڵام هەندێکی دیکە، کە دەزانن زۆر کەسی دیکە بەو شێوەیە پێ یان لەسەر زەوی هەڵگیراوەو قەتیش ئۆینیان لەو پیرێژنە نەدیوە، دەڵێن: ( تازە ئاو و ئاو چوو، ئەگەر مردووی گۆڕستانان بگەڕێنەوە، ئەوا جارێکی دیکە ئەو سەر دەرناکاتەوە!).

منیش سایلی ئەو خەڵکە سەرم لەم بەزمە دەرناچێ، هەریەکەو بە جۆرێ قەوانەکە لێ دەداتەوە، ئاخر ناتوانرێ هەموو ئەوانەی کە باس دەکرێن، باوەڕ بکرێ، یەک و دوان نین، رۆژ دوای رۆژیش زۆرتر دەبن.

(یاسینوێ) دەگێڕێتەوە:

- «تادرەنگی شەو لەسەر دوو گردەکەم هەڵنەستام، هەر نوێژم دەکرد و دەپاڕامەوە. داوام لە خوای خۆم کرد، بە مان و نەمان، هێندەی سەرە دەرزییەک هەواڵی پەیدا بێ. ئەوسا هاتمە دەرەوە. دەستەکانم روو لە ئاسمان راگرتن، هەرچی لە دڵمدا هەبوو، بۆ خوای خۆم هەڵمڕشتن. هاتمەوە ژوورەوە. لەسەر دوو گردەکەم روو لە قیبلە لەسەر تەنیشتی راست لێی راکشام. نازانم بۆرشکا بووم، یان بە تەواوی کەوتبوومە خەو، لە سیرەی دەرگە وەئاگا هاتم، سەرم بەرز کردەوە. لەسەرینگانم راوەستابوو. چاوم زەق کردەوە وەکو جاران خەندەیەکی هاتێ و بە هێواشی گوتی: (دادێ، ئەگەر سیروان نەڕۆیشتووە، پێی بڵێ کاروان دەڵێ درەنگە). وەخت نەبوو بتۆقێم و زراوم بڕژێ، لە جێگەی خۆم سام گرتی بووم. وام زانی مێردەزمۆکەیە و لەسەر شێوەی ئەو خۆی پیشانم دەدا. هێندەی کردم، زمانم نەهاتە گۆ، لە دڵەوە یەک دوو جار ناوی خوای خۆم هێنا، پەنجەی شادومانم درێژ کرد.. فایدەی نەبوو، زەق.. زەق لێی دەڕوانیم. قەدەرێکی دیکەش چاوەڕوانی وەرامی کرد، دوایی چاوەکانی گرتنە زەوی و دەستێکی بە کاکۆڵی دا هێنا و هێدی لێوەکانی لێک ترازان:

-« ئەوە بۆ بەرسڤم نا دەیتەوە!؟»

لەوکاتەدا گیان لە جێگەیەکی قایم بوو، دەرنەچوو.. خۆ ئەگەر باڵ بەکرێن بوایە، جووتێکی ئەوتۆم دەکڕی، تا لەگەڵ یەکەم شەقەدا، بگەیشتبامایە پەڕەکەی ئاسمان. دەخۆت بڵێ لە جێگەی من بووای چیت دەکرد!؟ ئاخر ساڵێ زیاترە بزر بووە. هەریەکەش جۆرە قسەیەک دەکا. لەو کاتیدا ئەو قسانە هەموو بە لێشاو خۆیان کوتایە بازنەی گوێمەوە. زۆریشم لە خۆم کرد تا باوەڕ بکەم ئەوە (کاروان)ە و لەسەرینگانم دا راوەستاوە، بەڵام نەمتوانی باوەڕ بهێنم. دەتوانم سوێند بخۆم چاوەکانم درۆیان نەدەکرد، هەر کت و مت خۆی بوو.

چاوە شینەکانی دوو گۆمی مەنگ بوون، قژە رەشەکەی تەواوی گوێیەکانی داپۆشیبوو، رەنگ و رووشی هیچ نەگۆڕا بوو ـئەسمەرێکی روون ـ، ئاخر جارانیش بەوە بە جوان دەناسرا، چاوشین و رەنگ ئەسمەر زۆر کەمن. وەکو جارانی پێشوو، پێنووسە زەردەکەی هەر لەسەر گیرفان دانابوو، ئەگەر چاوم درۆی نەکردبێ، لە جاران جوانتر دەبریسکایەوە.

سەر بردەی ئەو پێنووسە یادگارێکەو لەبیرم ناچێتەوە. ئەو ساڵەی کە بابی منداڵان چووە ماڵی خوا، دوو قەڵەمی زۆر نایابی هێنابوو، سوێندت دەخوارد زێڕن، یەکێکی بۆ «سیروان» و ئەوی دیکەشی دا بە «کاروان» ئێستاش کە بیر لەو رۆژانە دەکەمەوە، کزەم لە جەرگی دێ. ئەو کات، هەردوکیان لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دا بوون.. یەک رۆژ چییە بەبێ یەک هەڵیان نەدەکرد، بە جووتە دەچوونە فێرگەو دەگەڕانەوە. پێکەوەگەمەیان دەکرد، کەم جار هەبوو بەشەڕ بێن، بەڵام سیروان جێنگە نەبوو، بۆ زۆر شت رکەی دەگرت و وەک بەرازی مۆن دەغەزری.

کاروان ئەو کاتیش خۆی بە پیاو دەزانی، خۆی تێک نەدەداو بە سیروانی دەگوت:

www.arsivakurdi.org

دارشتوە و رووداوەکانی پێکەوە لکاندوون و بەسەرهاتەکانی بە دوای یەکدا ریزکردوە کە خوێنەر بە دوای خۆیدا رادەکێشی و ناتوانیٚ بۆ تاوێکیش سەری لەسەر هەلبگریٚ.

دیوەخانی ئاغا، باسی راوە کەروێشک و تاژی بە خێوکردن و مەجلیسی قومار و لامە لامە و ماستاو سارد کردنەوەی ئاغای کۆنەپەرستی کورد بۆ ژاندارمە و قازاخی بێگانە. تەنیا قەڵەمی هێژای دوکتۆر رەحیمی قازی دەتوانیٚ تۆماریان بکا و هەروەک هەیە نشانیان بدا.

ئەوەش یەکێک لە شارەکانی رۆمانی پێشمەرگەیە.

کاک رەحیمی قازی پیرۆت و شێرکۆی وەک نموونەی لاوی کورد نشانداوە، کە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و خەبات بۆ ئازادی و رزگاری لە چنگ دەرەبەگی پیاوکوژ و بێگانەپەرست بە دوای پێگە و پشتیوانی رەسەندا دەگەرێن و ئاخرکەی لەنێو رێکخراوێکی نیشتمانی رەسەنی وەک (ژ.ک)دا جێگای خۆیان دەدۆزنەوە و دوژمن دەردەپەرێنن.

چیرۆکی پێشمەرگە هەر چەندە بە زاراوی شیرینی مەڵبەندی موکریان نووسراوە و نووسەر ناوچەی سەقز و هەرێمی موکریانی بۆ نەخشاندنی تابلۆکەی هەڵبژاردووە، بەلاٚم بەسەر هاتەکان و زمانی رۆمانەکەی تەنیا بە مەلبەندی موکریانەوە قەتیس نەکردووە، بەلکو هەموو زاراو و دیالێکت و خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی لە تابلۆکەدا کۆکردۆتەوە: «ئەو پۆلەی کە پیرۆت سەروکایەتی بەسەردا دەکرد، لە خەڵکی مەڵبەندەکانی جیاوازی کوردستان پێکهاتبوو. پیاو لە نێو ئەواندا هەوشاری، سابلاٚخی، بارزانی، شکاک، سەقزی، کرماشانی و هیدیکەی چاوپێدەکەوت کە هەر یەکەی بە شێوەی جێگای خۆی دەدوا و هەمووش لەیەکتر حالی دەبوون، چونکە زمانی هەموویان کوردی بوو. ئامانج و بیر و ئارەزوی هەموویان وەک یەک بوو، یانی رزگاری کوردستان.»

ئەگەر کات و سەردەمی نووسینی «پێشمەرگە» لەبەرچاو بگرین، پتر نرخ و گرنگی رۆمانەکە و دەستپێشخەری و لێهاتوویی نووسەرمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە ساڵەکانی (٦٠)دا کەمتر بەرەی تازە پێگەیشتووی کورد لە پێکهاتنی پێشمەرگە و ناوی و خەباتی کۆمەڵەی (ژ.ک) و سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد شارەزایی هەبوو. پێشمەرگەی دوکتۆر رەحیمی قازی هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری خەباتی نیشتمانی و ولاٚت پارێزی رێنوێنێکی خەبات و شاکارێکی ئەدەبی بوو، کە تائێستاش شەقلٚ و نشانی خۆی لە ئەدەبی کوردی دا پاراستوە.

چەند باش دەبیٚ کە پێشمەرگە بە زاراوی کرمانجی سەروو چاپ و بلاٚوکرێتەوە و برایانی کرمانج لە تام و چێژی ئەم شاکارە بە نرخە کەڵک وەربگرن.

١٩٩٠/١١/٣١

## لە دەساڵەی بەربانگدا

*دەستەی نووسەرانی بەربانگ بانگهێشتنی ئەو کەسانەی کردبوو کە لە ماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا بەشداری دەستەی نووسەرانی بەربانگ-یان کردوو. لە کۆبوونەوەکەدا (١٧) کەس بەشداری کرد. مەبەستی کۆبوونەوەکە هەڵسەنگاندنی بەربانگ-ی ئەمرۆ و لێدوان لەسەرپێشخستنی گۆڤارە کە لە هەموو روویکەوە بوو. لە سەرەتادا کاک ئەحمەد تکریس بەناوی دەستەی نووسەرانەوە قسەی کرد و ئاگاداری کرد کە بانگهێشتی نزیکەی (٥٠) کەس بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کرابوو وتی: لەوانەیە (بەربانگ) بە دڵی هەموو کەس نەبیٚ، یاخود ئێمەش هەندیٚ شتمان بەدڵ نەبیٚ، بەلاٚم داخوازمان لە ئێوە ئەوەیە چ پێشنیار و سەرنج و تێبینیان هەیە پێمانی رایگەنێن.*

*( ئەوەی شایانی باسە، پێشنیارەکان بەگشتی پەیوەندیان بە بەشی کرمانجی ژووروو هەبوو.)*

*چەند پێشنیارێک لەلایەن بەشداربووەکانەوە کرا بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:*

*- پێویستە بودجەی بەربانگ دیار بیٚ.*

*- بەرنامەیەک هەبیٚ کە بزاندریٚ ساڵی چەند ژمارە دەردەچیٚ.*

*- گرنگی پتر بە بەشی کرمانجی ژووروو بدریٚ.*

*- دەستەی نووسەران بۆ سیٚ ساڵ هەڵبژێردریٚ و پەیوەندی نەبیٚ بە کۆنگرەی فیدراسیۆنەوە.*

*- دوو بەربانگ دەربکریٚ: یەک بۆ دەنگوباسی کوردستان و چالاٚکی کۆمەڵە کوردستانیان لە سوێد کە هەموو ١٥ رۆژ جارێک دەرچیٚ. دوو: گۆڤارێکی وەرزی بۆ ئەدەب و رۆشنبیری کوردی.*

*- کار لەنێوان دەستەی نووسەران دا دابەش بکریٚ بۆ نموونە: یەکێک بۆ دەنگوباسی کوردستان، ئەوی تر بۆ چالاٚکی کوردەکان لە سوێد.*

*- بابەت و گۆشەکان لاپەرەی دابیان هەبیٚ.*

*ئێستا دەستەی نووسەران خەریکە ئەنکێتێک ئامادە دەکا بۆ خوێنەران لەسەر رەوشی بەربانگ و لە ژمارەی داهاتوودا بە کرمانی خوارووش دەگاتە دەستی خوێنەران.*

www.arsivakurdi.org

# ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی دکتۆر ڕەحیمی قازی

کەریمی حسامی

ڕۆمانێکی کورتە و بابێژین چیرۆکێکی درێژە کە ماوەیەکە لەنێو باخچەی ئەدەبی کوردی دا، جێگای خۆی کردۆتەوە و کتێبخانەی گەلێک نووسەر و ئەدیب و خوێندەواری کوردی پێڕازاوەتەوە.

دەکرێ ئەم بێژین یەکەم ڕۆمانە کە بە زمانی کوردی لە کوردستانی سەربە ئێران سەری هەڵداوە و هاتۆتە ڕیزی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی کە لە بەشەکانی تری کوردستان نووسراون.

نووسەری (پێشمەرگە)، دوکتۆر ڕەحیمی قازی کوری «سیف القضات»ە کە لە کوردستانی ئێران بە مامۆستای شیعری کوردی بەناوبانگە و برای حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستانە.

کاک ڕەحیم هەر لە منداڵییەوە لەبەر دەستی زانا و نیشتمانپەروەرێکی وەک (سەیف) پەروەردە بووە و لەسەرچاوەی زانیاری و ئەدەب و شیعر و نەتەوەپەروەری باوکی ئاوی خواردۆتەوە و لەسەرەتای لاوێتی‌دا، تێکەڵ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران و سەرهەڵدانی کۆمەڵەی (ژ. ک) و پاشان لەلایەن کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن و فێربوون ناردراوەتە یەکێتی سۆڤیێتی و دوکتۆرای لە مێژووی وەرگرتووە.

دوکتۆر ڕەحیمی قازی هەرچەند ماوەیەکی زۆر لە کوردستان دووربوە، بەڵام دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی و شارەزایی لە دەرد و پەژارەی خەڵک، هانی داوە کە گەل و نیشتمانەکەی لەبیر نەچێتەوە. کاک ڕەحیم ئەگەر بە کردەوە و لە نیزیکەوە بەشداری خەباتی دژوار و سەختی نەکردووە. بە قەڵەم هەمیشە لە تێکۆشان دا بەشداربووە و ماوەیەکی زۆر ڕۆژنامەی کوردستانی لەدەرەوە بڵاوکردۆتەوە و پاشانیش لە ساڵەکانی ٦٠دا بە نووسینی «پێشمەرگە» لاپەڕەیەکی پڕشنگداری خەباتی نەتەوەکەی بە دنیا ناساندوە.

دوکتۆر ڕەحیمی قازی لە پێشمەرگەدا واقیعی ژیانی مسکێن و هەژاری کورد و ملهوری و بێ ویژدانی دەرەبەگی کورد وەک تابلۆیەکی زیندوو دەنەخشێنێ. ملحیزی و ناکەسایەتی ئاغا و دەرەبەگی کورد لە بەرامبەر ژاندارم و قازاخی تریاک کێشدا نیشان دەدات.

ڕووداوەکانی سەرلاپەڕی «پێشمەرگە» و قارەمانەکانی چیرۆک دروستکراوی خەیاڵ و زەمینی نووسەرنین، هەموویان لە کۆمەڵی کوردەواریدا بوون و دوور نییە ئێستاش پیرۆت و شیرکۆی ئاسایی هەر هەبن.

کاک مامەندی (کانی سەوزە) یەکێ لە هەزاران هەژار و برسی کوردەوارییە کە سەبارەت بە زوڵم و زۆری ئاغا و چەوساندنەوەی ڕووت و سەلەمخۆری دەست بڕ و ملهوری کارەبەدەستی حکومەتی داگیرکەر، لەپێناو پەیداکردنی پاروە نانێک بۆ زارۆکانی و یا لە ڕێگای ئەنجامدانی بێگار و سوخرەی ئاغای گوندی، بە دەرد و داخەوە سەری ناوەتەوە و بە زەحمەت دوو گەزە چاویشی بۆ کفن بە نسیب بوە.

قەرەنیاغا و میناغاش یەکێ لە هەزاران ئاغا و دەرەبەگی کوردەوارین کە بە درێژایی تەمەنیان لە خزمەتی ژاندارم و قازاخی حکومەت دابوون تەمەنی چەپەڵی و نگریسیان بە خزمەتی بێگانە و خەیانەت بە میللەت و بە داوێنپیسی و کەردزی و ڕاورووت بردۆتەسەر.




د. ڕەحیمی قازی کە شارەزای داب و شوێن و نەریتی کوردەوارییە، بە وردی و ژیری چۆتە قوڵایی کۆمەڵ و تابلۆیەکی ئەوەندە جوان و زیندووی نەخشاندووە، کەم هونەرمەندی دەست ڕاست و لێهاتوو دەتوانن دیمەنێکی خەیاڵی بکەنە بابەتێکی زیندووی بەرچاو.

چەندە جوان ژیانی ڕەش و ڕووتی گوندی کوردەواریمان لە تابلۆی ژیانی کاک مامەندا بۆ دەنەخشێنێ کە پاش سێ یەکبەری و کوێرەوەری ساڵێک، هیچی نامێنێ و پەنا بۆ ئاغا دەبا کە برە گەنم و جۆیەکی بداتی، بەلکو منداڵەکانی پێ بگەیێنێتە بەهار و لە برسیەتی و سەرما و سۆڵی زستان دەربازیان بکات. بەڵام قرەنیاغا «نەک هەر دەغڵی بە قەرز ناداتی بەڵکو هەموو ڕۆژی گزیری دەسەر دەکا کە گاجوت وتویەکەشی لێ بستێنێتەوە»

«نۆکەرەکانی ئاغاییلی کاک مامەندیان گرت و وەدەریان نا. ئێستا دەچلەی ئەو زستانە سەختەدا کاک مامەند دەبیری ئەوە دایە کە پاروە نانێک بۆ منداڵەکانی وەدەست بێنێ.»

کاک ڕەحیمی قازی ئەوەندە وەستایانە بناخەی ڕۆمانی پێشمەرگەی

www.arsivakurdi.org

یا ئەورووپی ساز دراوە و لەیەکێک لە گۆڤارەکانی عەرەبی عێراق (بۆ نموونە بڵێین - آفاق عربیە - یان اقلام) بڵاوکراوەتەوە ئەگەر (بە جۆرێک) بێ بە کوردی بڵاوناکرێتەوە. جار هەیە شیعرێک یا چیرۆکێک عەرەبیش بێ و لە رۆژنامەیەکی عێراقیش بڵاوکرابێتەوە بەڵام هەر نەختێ بۆنی ئازادی و کۆڵنەدان و شۆڕشگێڕیەتی تیابێ، یاخود باسێک بێ دەربارەی (مستەوتەناتی) ئیسرائیل لە فەلەستین، بڵاوکردنەوەی ئەستەمە. ئەم دیاردەیەش هیچ نووسەرێکی کورد نییە نەیزانێ و هەستی پێ نەکردبێ.

بۆ ڕەخنە و بەدواداچوونی رۆشنبیری و ئەدەبیش هەر بەو جۆرە بە دەگمەن نەبێت (ئەویش لە شێوەی پەنجە بۆ راکێشان) دەنا شیکردنەوە و پیشاندانی کتێبێک لەو لاپەرانەدا نابینرێ، کە ئەمەش ئەگەر ئەو دامودەزگایە کادیریشی نەبێ، دەتوانێ سوود لەو نووسەر و هونەرمەندانە وەربگرێ کە لە دەرەوەی رۆژنامەکەدان، بە تایبەتیش مامۆستای زانکۆکان، وەک ئەوەی لە رۆژنامەگەری عەرەبیدا پەیڕەو دەکرێ.

کە بێینە سەر هونەر وێرانترە!! لاپەرەی هونەری سەربەخۆمان نییە کە بەردەوام بووبێت و تایبەت بووبێت بە هونەر کە هەر شانۆ لاپەرەیەکی بەردەوامی دەوێ. بۆ هونەری تەشکیلیش تا ئێستا زۆربەی ئەو پیشانگایانەی هەڵدەسەنگێنرێن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کردنەوەی پیشانگایەکە و ژیانی هونەرمەندەکە نەچووەتە دەرەوە. دەربارەی سینەمایش هەر هیچ.

(٣)

<u>لەبەرئەوەی ئێمە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە</u>، بۆیە ئەو لاپەرانەی لەرۆژنامە و گۆڤارەکانماندا بۆ ئەدەب و رۆشنبیری تەرخان دەکرێن، دەتوانن دەورێکی چاک لەم مەسەلەیەدا ببینن بەو ڕووکارەی کەدەبێتەهۆی ئەوەی لەدوارۆژدا زمانێکیئەدەبی یەکگرتوومان هەبێ.

کەچی بە پێچەوانەوە هەر تیرە و لە کەندالێ بووە و هەر کەسێ بە کەیفی خۆی دەنووسێ. یەکسەر بۆی بڵاودەکرێتەوە و بە دەگمەن وارێک دەکەوێ پسپۆڕ و شارەزایەکی زمان هەبێ وتارەکان بەر لەبڵاوکردنەوە ببینێ. خۆ لەبارەی یەکخستنی رێنووسیشەوە هەر بەو چەشنەیە، ئەگەر باسی زمانی ستانداری کوردی نەکەین.

رۆژنامە هۆیەکی کەم بایەخ نییە ئەگەر لەم ڕووەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ. هەرچی نەبێ لە رێگای بڵاوکردنەوە و بایەخدان بەو زاراوە زانستی و فەلسەفی و ئابوورییانەی تازە کەوتوونەتە نێو زمانەکەمان و شیکردنەوە و لەسەر نووسینیان کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ورووژاندنی چەندین شارەزا و پسپۆڕی ئەو مەیدانانە و گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

یا هەر نەبێ ئەو لاپەڕانە دەبن بە بناغەی ئەوەی ئێمەش لە پاشەرۆژێکی نزیکدا زمانێکی رۆژنامەنووسیمان هەبێت، کە بێگومان لەگەڵ شێوازی شیعر و چیرۆک و ئەدەبیات بەگشتی دا جیاوازە، بەوەی رۆژنامە زادی رۆژانەی تەواوی کۆمەڵانی خەڵکە، بۆ نیمچە خوێندەوار و کابانی ماڵان و قوتابی و جوتیار و کرێکاران و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ رۆژنامە دەخوێننەوە.

(٤)

مێژووی کورد، کە ئەوەی نوێ چ لەبەر کەمی سەرچاوە بێ بە کوردی و چ لەبەر قەدەغەیی زۆر سەرچاوەی پێویست و بە هۆی ئەوەیش کە لە قوتابخانەکاندا ناخوێندرێ، ئاگاداریەکی ئەوتۆی لێ نییە بە تایبەتیش قوتابی قوتابخانە و تەنانەت زانکۆکانیش. ئەم کەلێنە تا ڕادەیەک بە هۆی لاپەڕەی رۆشنبیری رۆژنامە و گۆڤارەکانمان پڕ دەبێتەوە.

بەڵام ئەوەی چاو بە رۆژنامە و گۆڤارەکانمان بگێڕێ کەوا دەزگا کوردییەکان دەری دەکەن، ئەوەی زۆر بە ئاسایی بۆ دەردەکەوێ، بە تایبەتیش دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا یە کەم و زۆر خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتانە نەداوە ئەویش سەبارەت بە هۆیەکی زۆر ئاشکرا. (چونکە قەدەغەیە) بەم جۆرە قوتابی کورد گۆیا (بە کوردی !) دەخوێنێ و رۆژنامەی بە کوردی هەیە، ئەوەندەی شارەزایی لە مێژووی رۆژهەڵات و رۆژئاوای عەرەب هەیە نیوەی جارەکی شارەزای مێژووی خۆی نییە !

ماویەتی

## پەراوێزەکان

١- بڕوانە - دراسات في الفن الصحفي- د. ابراهيم امام. ل٦٩

٢- د.کەمال مەزهەر-تێگەیشتنی ڕاستی وشوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا ل.٩٨.

٣- هەرچەندە لە ئاخرونزخری چوار ساڵەکەدا (١٩٧٠-١٩٧٤) بیر لەوە کرایەوە. ئەوە بوو کە برایەتی بیست و ئەوەندە ژمارەی بە کوردی لێدەرچوو، وەک رۆژنامەیەکی رۆژانەش تا ڕادەیەک دەوری خۆی بینی بەڵام کورد واتەنی پاشی چی؟ پاش ئەوەی زەمینەی لەبار تێکچوو بوو.

٤- ڕاستە کۆمەڵێک رۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان دەرچوون بۆ نموونە (ژین) و (رزگاری) لە سلێمانی و هەولێر (بۆ پێشمەرگە) لە هەولێر و (پەیڤ) لە دهۆک و پێشتریش بە زاری کرمانجی لە ڕەواندوز بەڵام چونکە ماوەیەک بووە و بە هۆی بارودۆخی کوردستانەوە رێگای بەردەوامبوونیان لێ بەستراوە و هیچیشیان سیاسی نەبوون. بەمجۆرە بەشی زۆری لە پایتەختی عێراق دەرچوون.

٥- وەزیری ڕاگەیاندنی عێراق لە ساڵی ١٩٧٧ - سەعد قاسم حەموودی - کە ئێستا نەقیبی رۆژنامەنووسانە، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە ئێزگەی کوردی کە زۆر لە نووسەر و رۆشنبیرانی کوردیش ئامادە بوون وتی: ئێمە ئێزگە و تەلەفزیۆن و رۆژنامە بەهۆیەکی ڕاگەیاندنی (ئەورە) دەزانین و دەبێ لەو بوارەشدا گەشە بکات.

٦- دکتور ابراهيم امام - دراسات في الفن الصحفي. ل.١٠.

٧- هەرچەندە (برایەتی) رۆژانەش وەکو پێویست نەبوو، بە تایبەتیش لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و وتووێژینەوەی سیاسی و ڕیپۆرتاژی پێویست.

٨- کە دەڵێین بە فراوانییەوە مەبەستمان لەوەیە بڵێین لەچاو رۆژنامە ئێمێنییەکاندا.

٩- لەم گۆڤارانە - بەیان و رۆشنبیری نوێ لەلایەن دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچن... مانگانەیان لەسەر نووسراوە... بەڵام کەم وارێککەوتووە لە وادە و ساتی خۆیان دەرچووبن.

(کاروان)یش تاقە گۆڤاری ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانە ئەم گۆڤارەش- ماوەیەکی باش- لە کاتی دیاریکراوی خۆی دەردەچوو وەکو گۆڤارێکی مانگانە، بەڵام وادیارە هەموو هێزی حوکمی زاتییەکی تاقەتی بەوە ناشکێ گۆڤارێکی مانگانەیش بەرێوە ببا!!.

گۆڤاری کوردی زانیاری کوردیش گۆڤارێکی ساڵانەیە و هەندێ ساڵ دوو ژمارەی لێدەردەچوو. هەرچی چۆنێکە ئەم گۆڤارە بۆ دیراساتی کوردی تەرخان کراوە. بەڵام وادیارە لەوەتەی کۆڕی زانیاری کوردیش (کورت کرایەوە) گۆڤارەکە گورگوڕشی جارانی نەماوە.

١٠- هەندێ رێکخراوی بەناو جەماوەری کە رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی خۆیانیان هەیە تەماشا دەکەی لەناوەڕاستەوە دوو لاپەرەی هەروا بۆ (تەبدیل هەوا) بە کوردی تێدەئاخن. با ئێمە لە چۆنیەتی و ڕادەی ئەو دوو لاپەڕەیە گەڕێین بەڵام داخۆ ئەم دوو لاپەڕەیە جێی چی تیادەبێتەوە بۆ نموونە گۆڤاری (المرأة)ی ئافرەتان و (وعي العمال)ی کرێکاران تەنانەت (آفاق جامعية)یش کە زانکۆی سلێمانی دەریدەکرد بەشە کوردییەکەی چاریەکی بەشە عەرەبییەکەی نەدەبوو!

١١- دراسات في الفن الصحفي - د. ابراهيم امام - ل٩٥.

١٢- هەمان سەرچاوە - ل٩٨.

١٣- هەمان سەرچاوە - ل٩٩.

١٤- وائل العاني - آراء في الكتابه والعمل الصحفي- ل١١.

١٥- (هاوکاری) یش تاقە رۆژنامەی کوردییە و هەفتەی جارێک دەردەچێ لەسەری نووسراوە: (رۆژنامەیەکی هەفتانەیە) و بەس.

١٦- د. ابراهيم امام - دراسات في الفن الصحفي - ل ١٣٩.

١٧- هەمان سەرچاوە - ل .١٤٠.

١٨- هەرچەندە ئاکو ئێستا کەم وا رێککەوتووە لە رۆژنامەگەری کوردیدا ڕیپۆرتاژی بە مانا سیاسیمان هەبێ.

* ئێمە ئەو سەرژمێرەمان لە کتێبخانەکانی هەولێر و سلێمانی خۆیان بیست.

ئەم دیاردەیە، واتە بێ کادیری و شارەزای پێویست لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گشتی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە دەزگا دەوڵەتییە کوردییەکان تاکو ئێستا کادیرێکیان پێ نەگەیاندووە، تەنانەت بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی ئەدەبیاتیش لە زانکۆی بەغدا کە بە هۆی حیساباتی حیزبایەتی و دڵسۆزی بۆ ڕژێم قوتابی وەردەگرێ، هەوڵ نەدراوە ڕۆژێ لە ڕۆژان چوار پێنج کادیری ئەو دەزگایانەی تیا بنێردرێتە بەر خوێندن، یا لە (قوتابخانەی هاوکاری) سەر بە نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی جیهان کە لقی لە بەغدایش هەیە ساڵێ دوو سێ ڕۆژنامەنووسی کورد وەربگرێ.

هەر لەر ئەوە، ئەوەی هەیە شارەزا یا ناشارەزا خۆی خۆی پێگەیاندووە و ئەگەر لە زۆر سەریشەوە لە ئیشەکە ناگا.

ڕاستە پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەپێش هەموو شتێک زەوق و عیشقە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەر کەسێ شاعیر یا چیرۆکنووسێکی چاک بوو، ڕۆژنامەنووسێکی چاکە.

دیسان نووسەری ڕیپۆرتاژ لە باتی ئەوەی هان بدرێ و ڕێگای بۆخۆش بکرێ، بەدەیان کۆسپی دێتە ڕێ و ئاوی چاوی دەچێ، تا ڕیپۆرتاژێک ئامادە دەکا.

لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەشدا، ڕۆژنامەگەری کوردی لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەتوانین بڵێین هەر نییە سەرەڕای ئەوەی سوودی لە تاقیکردنەوەی خۆشی نەکردووە و ساڵ لە دوای ساڵ لە باتی ئەوەی بەرەوپێش بڕوا، بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، هەر بە نموونە ئەم ڕۆژنامەی (هاوکاری)یە لە ساڵانی (٧٠-٧٥) پێشکەوتووتر بوو لە ئێستا، تەنانەت چەند لاپەڕەیەکی تایا بوو ئێستا شوێنەواریشیان نەماوە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بەوەی ڕادەی پێشکەوتنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەمیشە پێوەری هەڵکشان و داکشان ئاستی ڕۆژنامەگەری کورد بووە و ئەمڕۆش کە زووڕناژەنەکانی ڕژێم بە شاخ و باڵی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردی هەڵدەڵێن و گوایا فلانە چاپکراو لە چاپخانەیەکی ئاوا لە چاپدەدرێ لە گوێی گادا نووستوون، چونکە خوێنەر سەیری ناوەڕۆک و ئاستی هونەری ڕۆژنامەکە دەکا جا خوام دەکرد بە مۆنۆتایپ چاپ نەدەکرا بە پیتی دەستی دەبوو.

## ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر

(١)

بە شێوەیەکی گشتی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆرترین لاپەڕەی بەردەکەوێت تەنانەت زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامانەی لەم دە پازدە بیست ساڵەی دوایی دەرچوون مۆرکی ئەدەبیان لە بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی تر پێوە دیارە ولەهەمان کاتیشدا خوێنەریشی زیاترە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، داخۆ جیاوازی نێوان بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ئەو لاپەڕانەی (لە ژێر هەر ناوێک بن) بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر تەرخان دەکرێن چییە؟ بە واتا مامەڵەکردنێکی ڕۆژنامەنووسیانە لەگەڵ ئەدەب بە شێوەیەک ڕۆژنامە بە تەنیا نەبێ بە هۆیەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە، بەڵکو هۆیەکی کاریگەری لێک نزیک کردنەوەی خوێنەر و نووسەر بێ.

ئەمڕۆش هەموو ڕۆژنامەیەک لاپەڕەیەک یا دووانی بۆ ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری گشتی تەرخان کردووە کە بە زمانی ڕۆژنامە دەکاتە چەند ستوونێک ئەمەش بۆ ڕۆژنامە شتێکی چاکە و سوودی خۆی هەیە، چونکە ئەو لاپەڕانەی لە ئەدەب و هونەر دەدوێن زێتر دەخوێندرێنەوە و پتریش بایەخیان پێدەدرێ بە مەرجێک ئەو بەرهەمانەی کە بە ڕۆژنامەکە دەگەن بەپێی نەخشە و پلانێکی ڕۆژنامەنووس و هونەری بڵاوبکرێنەوە. چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەگری لە ڕۆژنامەدا خوێنەری زیاترن لەوەی کە بە جیا لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوبکرێتەوە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە ئاسۆی بڵاوبوونەوەی فراوانترە و بە نرخیش هەرزان ترە و هەموو کەسێ دەتوانێ بیکرێ و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەیشی سەرنج ڕاکێشەرترە.

ئەو لاپەڕانە ئەگەر شێوەی دەرەوەیان سادە دیارە، مەترسی و گرنگی لە لاپەڕەکانی دی زیاترە بەوەی بیر و ئایدیولۆژیا لەو دیوی هونەر و جوانی و داهێناندا حەشار دەدرێ و لەو لاپەڕانە کاریگەرترە کە بۆ سیاسەت و مەسەلەکانییەوە تەرخان کراون. بۆیە دەبینین لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیشدا هەر ڕۆژنامەیەک سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

(٢)

گووتمان ڕۆژنامەگەری کوردی بە تایبەتیش ئەمڕۆ زیاتر سیفەتی ئەدەبی هەیە لەوەی سیاسی بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەو لاپەڕانە وردبینەوە کە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بۆ ئەدەب و هونەر تەرخانیان کردووە، لەوە زیاتر نییە کە کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی یا هونەرین و چیتر، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کاری ڕۆژنامەگەریدا یەک ناگرێتەوە پتر لەوەی بریتین لە کۆمەڵە بابەتێکی هەڵبژاردە. چونکە دەبێ ئەو لاپەڕانە وێنەی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆبن لەنێو ڕۆژنامەدا، بەوەی بایەخ بە هەموو گۆشەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بدەن لە بەدوادا چوون و لێکدانەوە و وەرگێڕان، چ لەسەر ئاستی ناوەخۆ بێت یا دەرەوە، هەروەها هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێشاندانی بەرهەمی تازەی نووسەران و لەسەر نووسین و شیکردنەوەی ئەو بیروڕا و ڕووکار و تەیارە تازانەی لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری جیهان دا پەیدا دەبن و وەرگێڕانی بەپێی نەخشە و پلانێکی زانستیانە و بڵاوکردنەوەیان و قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو نووسەرانەی بەرهەمی تازەیان بڵاودەبێتەوە و بایەخدان بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆشنبیری و سیاسەت و فەلسەفە و مێژووەوە و بە جۆرێک خوێنەری کوردیش بتوانێ لە ڕێگای ڕۆژنامەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئەدەب و هونەری جیهان بە خەبەر بێت و بزانێ چی تازە هەیە.

<u>کەچی ڕۆژنامەگەری کوردی وەکو لە پێشەوە گوتمان کە تەنیا هۆیەکی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت و ڕژێم بێت و ئەو ڕژێمەش کەمترین سەربەستی لەو بوارەدا قەدەغە کردبێ و ڕێی ئەوەنەدا ڕۆژنامەگەرێکی سەربەست هەبێ ئیتر چۆن پێش دەکەوێت و بواری ئەوەی دەبێ پێش بکەوێت؟</u>

لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری حاڵی حازر بەو جۆرە نییە، تەنیا چەند لاپەڕەیەک دانراوە و، بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی تیا بڵاودەبێتەوە و بایەخ بەوە نەدراوە کە ڕۆژنامەنووسیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو لاپەڕانە بکەی ئەوەی هەیە (بە گوێرەی ڕۆشنبیری جیهانی) لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکانەوە دەکرێ بە کوردی، ئەویش بەپێی سیاسەت و نەخشەیەکی دیاریکراو، دەنا زۆر جاران بابەتی ئەو ڕۆژنامانەش قەدەغەیە بە کوردی بڵاوبکرێنەوە، بۆ نموونە زۆرجار وارێککەوتووە چیرۆکێک یا گفتوگۆیەک لەگەڵ نووسەرێکی عەرەبی

www.arsivakurd.org

دەست بدا (واتە هەواڵێک نەبێ باسی ڕووداوێکی تایبەتی یا تاوانێک بکا) و شوێنی ڕوودانی دیار بێ و سەرنج ڕاکێشەربێ و بخوێندرێتەوە و... هتد.

لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو ڕۆژنامانەی چ بە ئاشکرا یا بە نهێنی بە زمانی کوردی دەردەچوون، وەختی دەرچوونیان هەفتەی دوو جار زێتر نەبووە، بۆیە بایەخێکی ئەوتۆیان بە هەواڵ نەداوە چونکە کەم وا ڕێک دەکەوێ ڕۆژنامە هەفتەییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بەرگەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە بگرن. بە تایبەتیش بە گوێرەی ڕۆژنامەگەری کوردی کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەر نەبووە.

دیسان بە هۆی ئەوەی حاڵی حازر ئێمە نەک هەر ڕۆژنامەی ڕۆژانە، بەڵکو ڕۆژنامەیێکی سیاسی هەفتانەشمان نییە(١٥) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەواڵی سیاسی زیاتر دەخوێندرێتەوە و بایەخی پێ دەدرێ. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە لە عێراقدا تاقە سەرچاوەیەک بۆ هەواڵ هەبێت ئاژانسی دەنگوباسی عێراقییەوە ڕۆژنامەکانیش بە تایبەتیش کە بە کوردی دەربچێ هەقی ئەوەیان نییە لە سەرچاوەی ترەوە هەواڵ وەربگرن و بڵاوی بکەنەوە تەنانەت ئەگەر هەواڵێک لە کوردستاندا شایانی بڵاوکردنەوە بێ ئەگەر لە ڕێگای ئاژانسی دەنگوباسی عێراقیەوە نەهاتبێ، ناتوانێ بڵاوی بکاتەوە. بەم جۆرە ڕۆژنامەی کوردی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا سەربەست نییە. هەر لەبەر ئەوەشە خوێنەر هەمیشە لاپەرەی هەواڵ لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا ناخوێنێتەوە، چونکە پێشەکی دەزانێ لەو هەواڵە بەسەرچوو و کۆن بووانە زیاتر نییە کە سێ چوار جاری لە ڕۆژنامە عەرەبیەکاندا دیوە و پێنج شەش جاری لە ئێزگە و تەلەفزیون بیستوە، ئیتر چ دەربەستە دوای بەسەرچوونی هەفتەیەک - هەفتەیەک لەم جیهانە خێرا ڕۆیەدا کە بە دەیان هەواڵی دی دێتە گۆڕێ - بێت جاری دەیەم و یازدەهەم هەواڵێکی کۆن بخوێنێتەوە. بەم ڕەنگە جارێکی دیش ئەو ڕۆژنامانانە ئەوە دەسەلمێنن کە هۆیەکی ڕاگەیاندنی ڕژێمن و هیچی تر.

ئێمە کە باسی ڕۆژنامەی (هاوکاری) دەکەین، مانای ئەوە نییە هاوکاری، گەیشتووەتە ڕادەیەک جێی ئەوەبێ وەکو ڕۆژنامەیەکی تەواو باسی بکرێ، بەلام زیاترمان نییە، ئەمڕۆ لەم عێراقەی کە گوایا کورد (دوو هەقی!) هەیە تەنیا یەک ڕۆژنامەی هەیە ئەوەیش هەفتانەیە. پێشمان وایە ئەگەر لاپەرەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کە زیاتر پەیوەندییان بە نووسەرانی دەرەوەی ڕۆژنامەکەوە هەیە لێ لابرێن، کەس تاقەتی ئەوەی نییە بیخوێنێتەوە، بەڵگەی ئەم قسەیەشمان یەکێک لە ژمارەکانیەتی کە تایبەت بوو بە قسەکانی ئەو حەفتەیەی (سەدام حوسێن) و (مووڕتەجەعاتی) گەیشتە ٩٠٪* ئەو ١٠٪یەی فرۆشراویش بە پێی حیسابی ژمارەکانی پێشوە بووە. جا کە حاڵ بەو حاڵە بێ، ئیتر کادیر و شارەزا و بەهرەدار چ نرخ و سوودێکیان دەبێ کە بواری ئەوەی تیا نەبێ، هەواڵنێرێک بە کەیفی خۆی کار بکا، یا هەرچی نەبێ وەک زمانی هەواڵ و چۆنیەتی دارشتنی، لەو قاڵبە عەرەبییە ڕزگاری دەبێ، کە تا ئێستاش دەقاودەقی ئەو قاوخە عەرەبییانەیە و لێی دەرناچێ.

## لێکۆڵینەوە و ڕێپۆرتاژ

ئەگەر هەواڵ کۆڵەکەیەک بێ ڕۆژنامە خۆی لەسەر ڕابگرێ، ئەوا لێکۆڵینەوە و ڕێپۆرتاژیش لە گرنگیدا هیچی وای لە هەواڵ کەمتر نییە بەڵکو دەتوانین بڵێین ڕێپۆرتاژ تەواوکەری هەواڵە.

جگە لەوەی ڕێپۆرتاژ ئەگەر بە هەستێکی ڕۆژنامەنووسیانە بنووسرێ و بە وێنە و بەڵگەی ڕاستەوە بڵاوبکرێتەوە زیاتر خوێنەر ڕادەکێشێ و پتریشی خزمەت دەکا.

ڕیپۆرتاژ چییە؟

ڕیپۆرتاژ هەر خۆی بۆ خۆی هونەرێکە. (لەو نوختەیەشەوە دەست پێ دەکا کە هەواڵی تیا تەواو دەبێ)(١٦)

ئێمە وتمان پێویستە هەواڵ وەڵامی پێنج پرسیار بداتەوە و وتمان پرسیارەکانیش - کێ و چی و کەی و لە کوێ و بۆ - یە. هەرچی ڕیپۆرتاژە، دەبێ وەڵام بێت بۆ پرسیارێکی سەرەکی ئەویش (بۆ؟).

ئەم پرسیارەیش هەروا بەو ئاسانییە نییە کە بیری لێدەکەینەوە بەڵکو زۆرجار لە بواری زانست و فەلسەفەدا، هەبووە هەموو تەمەنی لە توێژینەوە و بە دواداچوون چواندووە و نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەو وەلامەی پێ بدرێتەوە. بۆ؟

لە سەرێکی تریشەوە ئەگەر هەواڵ ڕاستییەکی ڕووتمان بداتێ ئەوا بە هۆی ڕیپۆرتاژەوە لە دیوی ئەو دیویشی حاڵی دەبین. بۆ نموونە هەواڵی دانانی وەزیرێک هەر ئەوەندەمان پێدەڵێ کە فلانە کەس کرا بە وەزیر، بەلام خەڵکی دەیانەوێ بە ژیانی ئەو وەزیرە ئاشنا بن و چەردەیەک لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی بزانن و لەوە حاڵی بن کە چۆن بیردەکاتەوە و چی خوێندوە و لەچیدا شارەزایە و بە تەمایە چی بکا کە ئەمەیش هەر بە هۆی ڕیپۆرتاژەوە دەبێ.

ئێمە دەتوانین ڕیپۆرتاژ بە بابەتێکی ڕۆشنبیری ڕۆژنامە بژمێرین کە بە شێوازێکی وا نووسراوەتەوە زۆربەی زۆری خەڵک تێی دەگەن، بێجگە لەوەش هۆی دیش هەیە لە خەڵکی نزیک دەکاتەوە ئەویش نەخشە و نیگاری ڕوونکردنەوەیە - ئیلیسترێشن - و وێنەی فۆتۆگرافی و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی.

(بۆیە ئەگەر لە ڕۆژنامەگەریدا هونەرێک هەبێت بەرانبەر ئێزگە و تەلەفزیون و سینەما بوەستێ، ڕیپۆرتاژە)(١٧)

ئەم هونەرە - واتە ڕیپۆرتاژ - لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەو مانایەی کە هەڵدەگرێ پێی بڵێین ڕیپۆرتاژ بە دەگمەن هەڵکەوتووە. هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی نە ڕۆژنامەگەری کوردی و نە ڕۆژنامەنووسی کورد سەربەستی هەڵبژاردنی بابەتی ڕیپۆرتاژیان نییە، مەگەر جاروبار بە ڕووقایی و کێشەوە یا بەوەی پێی دەگوترێ فێڵی ڕۆژنامەنووسی بتوانێت ڕیپۆرتاژێک بڕفێنێ. هەروەها ئەو کادیرانەی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا کار دەکەن زۆربەیان ئەدیبن یا شاعیر و نووسەرن و ڕۆژنامەنووسیان تیا کەمە و، ئەوەی هەشە لە ڕێگای ئەدەبەوە هاتووەتە ناو ڕۆژنامە و بایی ئەوە نین هەموو بوارەکان بگرنەوە. بۆ نموونە وەک ئەوە وایە شاعیرێک بێ و (وەکو پێویست) ئاگاداری سیاسەت و باری نێو دەوڵەتان نەبێ بچێ ڕیپۆرتاژێک لەو مەیدانە ئامادە بکا (١٨)

یا هی وا هەیە لە مەسەلەکانی ئابووری ناگاو یا لە ئەلف و بێی هونەری تەشکیلی نازانێ، دەچێت خۆی لە قەرەی ئەو بوارانە دەدا بەم چەشنە ڕیپۆرتاژەکە کاڵ و کرچ دەردەچێ و مەبەست ناگەیەنێ. وێرای ئەمەش ڕۆژنامەنووسەکە هەر بۆخۆی وێنە دەگرێ و لە پاشانیش هەر بۆخۆی هەڵیان دەبژێرێ.

www.arsivakurdi.org

مەبەستە بەکار خستووە، ئیدی لەو کاتانەدا ئەو کلک و گوێیەی بۆ حوکمی زاتی دروستی دەکەن هەڵدەقاچڕێن و کەی پێویستیش بوو وەک تیلتیلە و بیلبیلە پێیەوە دەکرێنەوە.

لەوەش سەیرتر ئەو بەراوردە عەجائیب و عەنتیکەیەیە کە هەمیشە ڕژێم و ئەڵقە لە گوێکانی لە نێوان دامودەزگای ڕۆشنبیری لە کوردستانی عێراق و کوردستانەکانی دیکەی بە ئێران و تورکیا و سوریەوە بەستراوە دەکەن کە: فەرموون ئێمە وامان بۆ کورد کردووە و کورد لە عێراقدا (دوو هەقی!!) هەیە و کەچی لە جێی تر نیوشی نییە! وەک بڵێی ئەو هەلومەرجەی (گەرچی بەو چەشنەیش بێ) ئاکامی ئەو هەموو قوربانی وشۆڕشە یەک بەدوای یەکانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نییە هەر لە خۆڕا و سەدەقە بە کوردیان داوە!!

کەواتە بۆ وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: ئێمە ڕۆژنامەگەریمان هەیە چونکە (ڕۆژنامەگەری هەموو بڵاوکراوەێک دەگرێتەوە کە لە ڕێگای چاپکراوە دەورییەکانەوە بەدەر لە بەکارهێنانی ڕۆژنامەنووسی [٦] هەندێ جاریش لێی نزیک دەبێتەوە بەتایبەتیش چاپکراوە دەورییەکان چ بە ئاشکرا دەربچن یا بە نهێنی.

بەڵام ڕۆژنامە بەمانا فراوانەکەی ئێستا، ئەگەر دەقەبەری واقیعی حاڵی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین، دەتوانین بڵێین کە مادەم ئێمە ڕۆژنامەمان نییە کەواتە بەو چەمک و مانایەوە ئێمە ڕۆژنامەمان نییە کە تەواو ڕەچاوی هونەری ڕاگەیاندن و شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی ڕۆژنامە نووسیانەی تیا کرابێ.

تاکو ئێستاش لەو بیست و شەش ژمارەیەی ڕۆژنامەی (برایەتی)یەوە بترازێ ڕۆژنامەیکی ڕۆژانەمان نەبووە.[٧]

ئێستا بابزانین ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان تا چ ڕادەیێک توانیویانە خزمەتی خوێنەری کورد بکەن و تینویەتی بشکێنن چ لە بارەی هەواڵ بێ یا ڕیپۆرتاژ و لێکۆڵینەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری و بابەتە پێویستییەکانی تری ڕۆژنامە و گۆڤار.

گەر تەماشای واقیعی حاڵی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین، ئەمڕۆکە وەک ڕۆژنامە - لە (هاوکاری)یەوە بە دەر، کە بە ئاشکرا و تا ڕادەیێکیش بە فراوانییەوە بڵاو دەبێتەوە [٨] هیچی ترمان نییە، هەرچەندە ئەم (هاوکاری)یەش هەفتەنامەیە و لە زۆر لایەنی پێویستیشەوە نەیتوانیوە خزمەتی خوێنەری کورد بکات بە تایبەتیش لە بارەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەدوادا چوونی هەفتانەی ڕووداوەکانی ناوخۆ دەرەوە.

بۆ گۆڤاریش بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و کاروان و ڕۆژی کوردستان و حوکمی زاتی و گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد و [٩] لەم لاو لەولایش هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامە بە تایبەتیش ئەوەی کە لەلایەن ڕێکخراوەی ئافرەتان و کرێکارانەوە دەردەچن.[١٠] بێجگە لە تاقە گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد کە ئەم گۆڤارەیش باسێکی سەربەخۆی دەوێ، بەوەی لە هەلومەرجێکی ڕۆژنامەگەری سەخت و ئیمکانیاتێکی مادی کەم لەو ماوەیەدا دەردەچووە.

## هەواڵ یا دەنگوباس لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

هەواڵ یان دەنگوباس کۆڵەکەیەکی گرنگ و پێویستە کە ڕۆژنامە خۆی لەسەر ڕادەگرێ، بەوەی پەیوەندی پتەوی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. مەبەستیشمان لە دەنگوباس ئەو هەواڵانەیە کە لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە.

هەواڵ بە گەلێک شێوە ناسراوە، ئێمە لەو پێناسانە دوو پێناسە بە نموونە دێنینەوە کە تا ڕادەیێک لەیەکتر جیان، هەر بە هۆی ئەو جیاوازیەشەوەیە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان ئەوەندەی بایەخ بە (سیفەتەکانی) هەواڵ دەدەن، ئەوەندە بایەخ بە پێناسەکەی نادەن.

پێناسەی یەکەم: چاڵس دانا، دەڵێت: (هەواڵ ئەوەیە کە هەرچی جەماوەری بەرفراوانی خەڵک پێی گرنگ بێ وسەرەنجی ڕابکێشێ)[١١]

پێناسەی دووەم: هی نۆرثکلیف دەڵێت: (ئەگەر سەگێک پری دایە مرۆڤێک، ئەوە هەواڵ نییە، مەبەستیشی لەوەیە ئەوەندە ناهێنێ بڵاوبکرێتەوە، چونکە شتێکی ئاساییە. بەڵام کە مرۆڤێک پڕ بداتە سەگێک ئەوە هەواڵە!).

لای نۆرثکلیف ڕادەی وروژاندنی هەواڵەکە لە مرۆڤ بە بایەخ تر و گرنگترە، ئەمەش زیاتر ڕۆژنامەگەری وڵاتە سەرمایەدارەکان - کە تاکە مەبەستیان قازانجە - پەیرەوی دەکەن، دەنا ئەگەر شتێکی لەو بابەتە بوو بڵاوکردنەوەی ئەگەر زیان بە کۆمەڵ نەگەیەنێ چ سوودێکی پێ دەگەیێنێ؟!

وەکی دی ڕۆژنامەگەری وڵاتە سوسیالیستەکان لە بەرایی هەمووشیانەوە یەکێتی سۆڤیەت بەو چاوە سەیری هەواڵ ناکەن، بەڵکو هەواڵ بە گوێرەی فەرمانی کۆمەڵایەتییەوە دەبینن.[١٢]

دیسان ئەگەر لە ڕۆژنامەگەری وڵاتە سەرمایەدارەکاندا بایەخێکی زۆر بە دەسپێشکەری لە بڵاوکردنەوەدا دەدەن لە ڕۆژنامەگەری وڵاتە سۆسیالیستەکاندا ئەم خووە بە داببونەرێتێکی بورژوازی و زیانبەخش دەزانن، لەمەشدا بیروڕای خۆیان هەیە بۆ نموونە (چۆکۆف) کە جێگری سەرنووسەری (ڕۆژنامەی پراڤدا) بووە لە بارەی دواخستنی بڵاوکردنەوەی هەندێ ڕووداوی جیهانی بە دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) دا دەڵێت: (دارتاشی دەست ڕەنگین، حەفت جاران دەپێوێ ئینجا جارێ مشارەکەی دەخاتەکار)[١٣]

بەڵام ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لەسەری ڕێککەوتوون دەربارەی هەواڵ ئەوەیە، پێویستە هەر هەواڵێک وەڵامی پێنج پرسیاری گرنگ بداتەوە ئینجا دەبێت بە هەواڵ و دەستدەدا لە ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە.

پێنج پرسیارەکەیش ئەمانن:

١- کێ؟ واتە کێ ئەمەی کردووە. ٢- چی؟ واتە چی بووە. ٣- کەی؟ واتە کەی ئەمە ڕوویداوە. ٤- لەکوێ؟ واتە لە چ شوێنێ. ٥- بۆ؟ واتە بۆچی ئەمە ڕوویداوە.[١٤]

## بەم چەشنە هەواڵەکە دروست دەبێ

لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک هەواڵ هەیە باوەکو وەڵامی ئەم پێنج پرسیارەشی تیا بەدی بێ، بەڵام بۆ ئەوە ناشێ لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرێتەوە. بۆ نموونە هەواڵی تاوانێک کە هێشتا تاوانبارەکان نەدۆزراونەتەوە و ئاڵقەکانی تاوانەکەش ئاشکرا نەبووە. لەو حاڵەتانەدا ئەگەر بڵاوبکرێتەوە بێگومان کاردەکاتە سەر چۆنێتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکە و ڕێی تێدەچێ تاوانبارەکان ونبن. ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوا ئەوەندە گوێ بەم مەسەلەیە نادات.

بۆیە وەکو وتمان: ڕۆژنامەنووسان زیاتر بایەخ بە سیفەتەکانی هەواڵ دەدەن و پێیان وایە دەبێ هەر هەواڵێک کە بۆ بڵاوکردنەوە بشێت پێویستە ڕاست بێ و سەرەڕۆ نەبێ و تازە بێ و بۆ بڵاوکردنەوە

www.arsivakurdi.org

جێگای پڕ بکەنەوە ئەگەر باسی جیاوازی نێوان ئەو چاپکراوانە و ڕۆژنامە نەکەین.

هەر ئەو دەورەیەش وای لە دەوڵەت و ڕژێمە ئیمپریالی و کۆنەپەرست و شۆڤێنی و ڕەفتار فاشیانە کردووە بیر لەوە بکەنەوە، بە هۆی چەکێکی کاریگەر و کوشندەتر لە چەکی ئاگر و ئاسن، (ئەمڕۆش لەگەڵدا بێ) پێی بکەونە گیانی کورد، ئەوەتانێ (داگیرکەرانی ئینگلیز دەیانزانی دەتوانن ڕۆژنامەنووسی بکەن بە داردەستێکی کاریگەری ڕاگەیاندنی سیاسەتیان و بڵاوکردنەوەی زمان و نەریتیان و چەسپکردنی جێ پێیان لە ژیانی ئابووری ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکەن).(٢)

ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بێن بە ئاوێنەی ئەو قۆناخە مێژووییانەی کوردیان پیا تێپەڕ بووە، هەر لەسەرەتای دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە تاکو ئێستاش. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە ئێمە سەرەتای ڕۆژنامەگەریمان لە غوربەتدا دەستی پێکرد، ئینجا ئەگەر ئەو لە غوربەتیش دەرچوونی (ڕۆژنامەی کوردستان)ی ساڵی ١٨٩٨ شایەد و گەواهی ئەو ڕۆژگارە تاڵانە نەبێ کە کورد لەژێر چەپۆکی ڕژێمی نەخۆشی سەڵتەنەتی عوسمانلی دەیناڵاند و بەتایبەتیش سەردەمی ڕەشی سوڵتان عەبدولحەمیدی بەدڕەفتار، چییە؟ بەم جۆرە هەر لەو کاتەی (کوردستان) لە قاهیرە دەرچووە، تا بە ڕۆژی ئەمڕۆ ڕادەگا، بەپێی باروزرووفی نەتەوەی کورد، ڕۆژنامەگەری کوردی هێڵێکی بەیانی دروستی وەرنەگرتووە، بەڵکو هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. بە تایبەتیش لە ناوەڕۆکدا. ئەگەر کەسانێکیش هەن کەوا نابابەتیانە و بەیەک لای بیرکردنەوە و پێیان وایە خاوبوونەوە و پتەوبوونی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامانەی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەرچوون بەپێی کەیفی ڕژێم بووە و مەسەلەکە بە بارودۆخی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوە بەند نەبووە هەر نزیکترین و سادەترین نموونە ئەوەتا ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە سێزدە چواردە ساڵە بەردەوام لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیەندنی دەوڵەتی عێراقەوە دەردەچێ، بە بەراوردکردنێکی سادەوە، ئەو ساڵانەی (هاوکاری) تیا دەرچووە، بە تەواوی هەست بەو هەڵکشان و داکشانە دەکەین، ئەمەش بێگومان سەبارەت بەو بەرزی و نزمییەوە بووە کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیمان لەو ماوەیە بە خۆیەوە دیویە. ئەگەر ماوەیەکیش - جاربەجار- ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد چەشنە سەربەستییەکی بەخۆیەوە دیوە، هەرگیز مانای ئەوە نەبووە ڕژێم ڕەئی لەبارەی مەسەلەی ڕەوای کورد گۆڕاوە پتر لەوەی هەر حەرفێک ڕۆژی لە ڕۆژان بە قازانجی کورد نووسرابێ، بەهێزی ئەو خوێنە پاک و گەشەی پێشمەرگەی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیدە بووە. ئەگینا دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی وەکو عێراق، بۆ ئەو ڕۆژنامانەی ڕژێم بە زمانی عەرەبی دەریان دەکا و ئەو هەموو گۆڕانە تەکنیکیەی بۆی مەیسەر کردوون عەجەب هەر ئەو چاپکراوانەی کە دەوڵەت بە کوردی بڵاویان دەکاتەوە لەو گۆڕانکاریانە بێ بەشن؟! بۆچی تاکو ئێستا تاقە چاپخانەیەک نییە (دوای چواردە ساڵ) کە بە تایبەتی ڕۆژنامە و چاپەمەنە کوردییەکانی لێ چاپ بکرێ.

ئەوە چواردە ساڵە بەسەر ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠دا ڕەت دەبێ و تاکو ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو بە شاخ و باڵ هەڵگوتنەی حکومی زاتی و دەزگا (کورت کراوە کوردیانە) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی نییە، کە ئەوە کەمترین خواستێکە لەدان پیانانی مافە ڕۆشنبیرییەکانەوە جێبەجێ دەبێ نەک حوکمی زاتی...تائێستا تەنانەت بەشەش مانگ جارێکیش گۆڤارێکی کوردی نییە بۆ منداڵان.

کە لە ڕۆژگارێکی ئەنگوست لە چاویشدا وا ڕێک کەوتبێ لێرە و لەوێ بوارێک هەڵکەوتبێ و چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکی جگەرسۆز قۆزتبێتیانەوە لە ماوەیەکی یەکجار کورت دا بووبن بە تروسکاییەک لەو شەوە زەنگەدا، ئەوا زۆری نەخایاندوە، بە هەر بڕوبیانوویەک بێ، وەزیفە بە دەرکراون یا بۆ دایەرەی تر گواستراونەتەوە.

لێرەشدا کە ئێمە باسی تەکنیک و لایەنی هونەری ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەین پێمان وا نییە ئەو ڕژێمەی بەسەدان ڕۆڵەی کوردی لە قەسابخانەکانیدا خنکاند و هەزارانی لە زیندانەکانیدا ئاخنیوە و هەزارانی تری دەربەدەر و ماڵ وێران کردووە، شتێکی وای لێ بووەشێتەوە قازانجی ڕۆشنبیری و ئەدەب و زمانی کوردی تیا بێ. ئێمە لێرەدا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژنامەگەرییە دەخەینە ڕوو ئەوسا دەزانین کە دوای چواردە ساڵ بەسەر دان نانی ئەو ڕژێمە بەو حوکمە زاتیەی - ڕۆژ نییە بە شاخ و باڵی دا هەڵنەڵێ ڕۆژنامەگەری کوردی لە چ ئاستێکدایە.

## ئایا ئێمە ڕۆژنامەمان هەیە؟

لەوانەیە ئەم پرسیارە نەختێ سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر بێتوو چاوێک بەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیانە بخشێنین کە بە درێژایی ئەو سێزدە چواردە ساڵە دەردەچوون، بۆیەش دەڵێین سێزدە چواردە ساڵ، چونکە چەردەیەکی ئەو ماوەیە (بە حیساب) بە سەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەگەری کوردی دەژمێردرێ، دیسان هەر لەو ماوەیەشدا ئەوەی پێی دەگوترێ تەکنیکی نوێ هاتە نێو ڕۆژنامەگەری عەرەبی لە عێراق و لەویشەوە پریشکێکی پەڕیە نێو ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەگەرچی دەبوایە کاربەدەستانی ئەوسای شۆڕشی کورد، بە تایبەتیش ئەوانەی بەرو وەزیفەیان لە بەغدا بوو بیر لەو لایەنە گرنگە بکەنەوە بە هەند هەڵگرتن و بایەخیان هەر لە ڕاست (ئەڵتەئاخی)ی عەرەبی دا گیر نەبێ و لایەکیش لە (برایەتی)یە کوردی یەکە بکەنەوە.(٣)

دیسان سەیر ئەوەبوو کە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کادیرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستاندا دەژین، کەچی زۆربەی ڕۆژنامەکان لە کوردستاندا دەرنەچوون، تەنانەت پارت و گروپە سیاسیەکانی کوردیش کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا ڕۆژنامەیان دەرکردبێ هەر لە بەغدا بووە ئەمەش چ لە بارەی کاریگەریەوە وەکو مەڵبەندێکی تیشک هاوێژ چ وەک پێویستی کوردستان بەم ڕۆژنامانە لە کوردستان دەرچوویان چاکتر بوو.(٤)

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی پێشوو کە داخۆ ئێمە ڕۆژنامەمان هەیە؟ ئایا مەبەستمان لەم پرسیارە چییە؟

وەکو لە پێشەوەیشدا وتمان ئێمە دەمانەوێ لە حەقیقەتی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بگەین کە دەسەڵاتدارێتی عێراق بۆ مەبەستی خۆی دەریان دەکا ئەوەندەی تۆزقاڵێک بە نیازی پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردی نییە زیاتر لەوەی بەو نیازەوەیە کە هۆیەکی ڕاگەیاندنە و (ئەفکاری حیزب و ئەورەی)ی پێ بە گەلی کورد ڕادەگەیەنێ (٥) وەک ئەوەی ئێزگە و تەلەفزیۆنیش هەر بۆ ئەو



www.arsivakurdi.org

# رۆژنامەگەریی کوردی
# و
# رۆژنامەنووسی کورد

نەژاد عەزیز
سورمێ

دیارە ئەو دەورەی کە رۆژنامە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەیگێڕێ، لای هەموان ئاشکرایە، ئەوەندە بەسە کابرایەکی وەکو ناپلیۆن کە دەیویست تەواوی دونیا بگرێ و بیخاتە بەر قەفی گۆچانەکەی و لەچەند شەڕ و شۆڕانی بردبێتەوە، بڵێت: سێ ڕۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن، بە دەیان قسە و گۆتەی دیکەش کە لە زۆر مرۆی دەست ڕۆیشتوو دەسەلأتداری دەگێرنەوە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ئەو دەوری رۆژنامەگەری لە ژیانی کۆمەلأتی خەڵکدا دەیگێڕێ کەم نییە، مەگەر ئەوە نییە رژێم و دەسەلأتداریەتەکانی ئەم جیهانە تاکو ئاویان بە دوای بێڵەوە هاتبێ، چ بە هۆی دەست تێوەردانی ڕێبازی رۆژنامە و چوونە ناو هەیکەلی بەڕێوەبردنییەوە یا بە زەبروزەنگ و هێز ئەو رۆژنامانەی لەژێر سایەی رژێمەکانیا دەردەچن دەستەمۆ بکەن.. یا هەر هیچ نەبێ بۆلای بەرژەوەندییەکانی خۆیان رایبکێشن.

بەلأم هەمیشە لە پاڵ ئەو زەبروزەنگە و لەژێر گێژاوی ئەو بارە ناهەموارانەی رۆژنامەی ئازاد و ئازا دووچاری بووە کەم تا زۆر چەند قەڵەمێکی نەترس و بەجەرگ کەبێن بە ویژدانی راستی سەردەمەکەی خۆیان و دژ بە هەموو ئەو هێزە داپلۆسێنەرانە بوەستن و بەرگری لە ئازادی و دیموکراتیەت بکەن کە ئەمرۆ و سبەیش جێی شانازی هەموو رۆژنامەنووسێکی چاونەترس و قەڵەم ڕاستن و ئەوەیان سەلماندووە کە رۆژنامە با وەکو رژێمە سەرکوت کەرەکانیش بە دامودەزگایەکی کۆمەلأیەتی و سایکلۆژی خۆیانی بزانن دژ بە خواست و ئامانجە پیرۆزەکانی گەل، چەکێکی کاریگەری رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانیشیەتی، بۆ بەرگری کردن لەو خواستانە.

هەر لە ئەنجامی ئەو دەورە کاریگەرەوەیش رۆژنامەگەری لەپاڵ هەر سێ دەسەلأتەکەی تردا- دەسەلأتی یاسا دانان و دادوەری و جێ بەجێکردن- بە دەسەلأتی چوارەم ناسراوە، تەنانەت گەلێک رۆژنامەنووس پێیان وابووە، ئەگەر سەرپشکیان بکەن لە -رۆژنامەگەری بێ حکومەت یا حکومەتی بێ رۆژنامەگەری- هی یەکەمیان پەسند تر کردووە. هەر ئەو ڕۆڵ و دەورەش وای لە یەکێکی وەکو «جێمس برایس» کردووە بڵێت: (سەبارەت بە رۆژنامەوە دیموکراتیەت هاتووەتە خانەی کارە مومکینەکانەوە)(١) چونکە ئەرستۆ واتەنی ئەگەر هاونیشتمانی بیەوێ پێشەوا و حاکمەکانی بە شێوەیەکی دیموکراتیانە هەڵبژێرێ، دەبێ زۆریان لە بارەوە بزانێ... بێگومان لەمەشدا رۆژنامە هۆیەکی کاریگەرە کە ئەو زانیاریانە بۆ گەل مەیسەر دەکا و ئاراستەکەر و ڕێنیشاندەریشیانە لە هەڵبژاردنی نوێنەر و پێشەوایەکانی خۆیان.

جا رۆژنامە ئەو دەورە گرنگەی هەبێ، با ئێستا بێین بزانین داخۆ ئێمەی پارچە پارچەی وەک ئاردی ناو درک لێهاتوو باری رۆژنامەگەریان چۆنە و لە چی دایە؟

داخۆ شتێک هەیە بەو مانا فراوانەی کە ئەمرۆ بە هۆی تەکنیکی نوێوە رۆژنامەگەری میللەتانی دیکەی پێگەیشتووە پێی بگوترێ رۆژنامەگەی کوردی!

لەم چەند لاپەڕەی ئایندەدا هەوڵ دەدەین، لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی رۆژنامەگەری کوردییەوە لە کوردستانی سەر بەعێراقدا وەلأمی ئەو پرسیارە و هەندێ پرسیاری تریش بدەینەوە، بەپێی ئەو بارودۆخ و هەل و مەرجەی قۆناخی خەباتی نەتەوەیی لەم پارچەی کوردستانەدا درووست بوون، هەروەها سەبارەت بەو هەل و مەرجانە و جیاوازی هەیکەلی ئابووری و سیاسی هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەرا دابەشکراوە، گومانی تێدا نییە ئاگاداریمان لە بارەی باری رۆژنامەگەری کوردی پارچەکانی تری کوردستان کەمترە، دیسان ئەو قۆناخەی کە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا پێی گەیشتووە تا ڕادەیەک بووە بە هۆی ئەوەی - چ لەلایەنی بەردەوامی دەرچوون و چ لە لایەنی تەکنیکی هونەری رۆژنامەگەریشەوە- زیاتر بواری لێدوان و یەکالأکردنەوەی هەبێت. بۆیە ئێمە لەم کورتە باسەدا کە ناوی (رۆژنامەگەری کوردی) دێنین مەبەستمان لە رۆژنامەگەری کوردی نێو کوردستانی سەر بە عێراقە.

***

گومان لەوەدا نەماوە، (بە گشتی) باری رۆشنبیری هەر نەتەوەیەک لەبارودۆخی و قۆناخەکانی پێشکەوتنی ئەو نەتەوەیە جیاناکرێتەوە.

نەتەوەیەک کەر سەربەخۆ و ئازاد بێ و بە خۆی ئابووری خۆی بنیات بنێ و نەخشەی سیاسەتی رۆشنبیری خۆی بکێشێ و لە خزمەتی گەل و ولأتی بخاتە مەیدان، ئەوا دەبینین باری رۆشنبیریشی-کە رۆژنامەگەریش سیمایەکی دیاری ئەو رۆشنبیریەیە- گەشەسەند و پێشکەوتوو دەبێ. پێچەوانەیشی هەر ڕاستە.

تا ئەم ساڵەیش کە بازاڕی چاپەمەنی کوردی شێوەی ئێستای وەرنەگرتبوو دەتوانین بڵێن تاکە بواری خەباتی رۆشنبیریمان هەبووبێ، رۆژنامە بووە، چ ئەو رۆژنامانەی بە نهێنی لەلایەن گروپە سیاسیەکانی نێو کوردستان دەرچوون، یا بە ئاشکرایی لەهەل و مەرجێکی تایبەتیدا، یاخود ئەوانەی ماوە ماوە لەژێر سێبەری رژێمە یەک بە دوایەک هاتووەکانی عێراق دەرچوون.

دیسان رۆژنامەیش بە هۆی ئەو رۆڵە کاریگەرەی لە نێو کۆمەڵدا دەیگێڕێ مومکین نییە چاپەمەنی دیکە لە شێوەی کتێب و نامیلکە

www.arsivakurdi.org

ئامادەکردبوو، بەڵام لە لایەن بەرەوە رەتکرایەوە. وەک دەگوترا لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلال هەڵوێستی توند بووە و کاک هوشیار زێباری راپۆرتێکی رێکوپێکی لەسەر باری نێودەوڵەتی مەسەلەی کورد پێشکەش کردووە. پاشان سەرکردایەتی بەرە لە کۆبوونەوەکانی سەرەتای مانگی تەمووزدا بڕیاری داوە کە گفتوگۆ بگوێزنەوە بۆ کوردستان. ئەوە بوو نوێنەرانی بەرە لە ڕۆژی ١٩٩١/٧/٦دا بەسەرکردایەتی کاک مەسعود بارزانی و ئەندامییەتی مام جەلال تالەبانی و دوکتۆر مەحمود عوسمان و کاک سامی عەبدولڕەحمان، چوونە هەولێر و چاویان بە عیزت دووری و وەزیری دیفاع کەوت.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٧/٧دا، سەرکردایەت سیاسی بەرە کۆبونەوەیەکی لە هوتێلی (کۆشکی میدیا) لە شەقلاوە بە بەشداری نوێنەرانی هەر هەشت حیزبی ئەندامی بەرە کرد. لەوانەی من خۆم چاوم پێکەوتن لەو کۆبوونەوەدا مامۆستایان عەلی عەبدوڵلا، جەوهەر نامیق، جەلال تالەبانی، د. فوئاد مەعسوم، د. کەمال فوئاد، د.مەحمود عوسمان، قادر عەزیز، عیماد، ملازم شوان، عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لەوەی هەندێ لایەنی پرۆژەی گفتوگۆ باسکرا و بەیانێکیش لەلایەن بەرەوە بڵاوکرایەوە. قۆناخی سێیەم لە گفتوگۆ لە ڕۆژی ١٩٩١/٧/١٠دەستی پێکرد، بەڵام نوێنەرانی بەرە لە ٨/٢٠ گەڕانەوە شەقلاوە. ئەوەی شایەنی باس بێت هەڵوێستی ڕژێم لە بارەی کەرکوکەوە گۆڕا ! دیارە کودەتای ڕۆژی ٨/١٩ لە سۆڤیەت وای لە بەعس کرد چاوەڕوان بکا بۆ ئەوەی خۆی بگرێتەوە و بۆیەش بە گەرمی پێشوازی لەو کودەتایە کرد. دەیانگێڕاوە تاریق عەزیز لە ٨/٢٠ دا بە دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی ڕاگەیاندبوو کە مەسەلەی کەرکوک نابێ هەر باس بکرێ. دەستەی نوێنەرایەتی بەرە کە بۆدواجارگەڕایەوە بۆ کوردستان سێ پرۆژەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە کە کەمترین داخوازی کوردی دابین نەدەکرد. ئەم پرۆژانە لەلایەن بەرەوەوە بڵاونەکراونەتەوە، من تەنیا بە کورتی لەسەر هەندێ بەند دەدوێم، چونکە وەک ئاشکرا بووە سەرکردایەتی بەرە لە کۆبوونەوەی کۆتایی مانگی ئاب دا بە هەندێ لایەنی ڕازی نەبووە و بیرخەرەوەیەکی داوەتە بەعس، چ خاڵێک ڕەتکراوەتەوە دیارە من نازانم. ئەوەی شایەنی باسە لەنێو خەڵک و ئەندامانی هێزەکان و گروپە سیاسییەکانە چەند خاڵێک یەکلا نەکراونەتەوە کە پەیوەندییان بە: ١- پانتایی خاکی کوردستان و سنووری ئۆتۆنۆمی. لێرەدا دەبێ بگوترێ بەعس بە هیچ جۆرێک دان بە (مەندەلی و ژەنگار و زمار) نانێ کە کوردستانە. خانەقین لەبەر ئاسایشی ستراتیژی عێراق ناکرێ بخرێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی. کەرکووک و تەق تەق و هەندێ شوێنی تریش لەبەر کانییە نەوتییەکان. ٢- ئەمن و ئاسایش تەنیا دەوڵەتی ناوەندی بەرپرسیارە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەدام حوسێنەوە هەیە، دەسەڵاتی ئەوەیش جێگای گفتوگۆکردن نییە. ٣- دیموکراتیەت و فرەحیزبی و کاری سیاسی لەنێو لەشکردا. ئەوی ڕاستی بێت حیزبی بەعس دەیەوێت لەشکر تەنیا بەعسی بێت، حیزبەکانی تریش بە بەرەی کوردستانیشەوە بەشێکی تەواوکەری ڕێبازی بەعس بن.پرۆژەکان بریتین لە: ١- پرۆژەی قانوونی ئۆتۆنۆمی کە لە ٧/١٤ لەسەری ڕێککەوتوون، جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قانوونی ساڵی ٧٤ کە لەلایەن شۆڕشی ئەیلولەوە ڕەتکرایەوە. لەوانەیە هەندێ خاڵی بەجۆرێکی تر دارێژرابێ... دیارە ئەوە کاری برا قانوونییەکانە لایەنی قانوونی و جیاوازییەکان ڕوون بکەنەوە. ٢- پرۆژەی کاغزی ئاسایی کردنەوە (ورقە التطبیع) کە لە ڕۆژی ٧/٢١ هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون بریتییە لە ٢٠ بەند. هەندێ بەند دەوڵەت ئەنجامیان دەدات، هەندێکیشی بەرە کە بریتییە لەو بەندانەی (٩، ١٥، ١٦) کە پەیوەندی بەو ڕاگرتنی ئیزگە و دانەوەی چەک و نەهێشتنی پێشمەرگەیە. ٣- پرۆژەی بەیانی سیاسییە کە لە ١٩٩١/٨/١٤ هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون و بریتییە لە ٧ بەند. لە بەندی دووەمدا گوتراوە: (پارتی بەعس و بەرەی کوردستانی پەسنی ڕۆڵی مێژوویی سەیدای سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێنی ئەندازیاری یەکەمی ئەنجامدانی ئەم دەسکەوتە «بەیانی ئاداری ١٩٧٠» مەزنەیە). لێرەدا تەنیا پەنجە بۆ ڕۆڵی خوا لێخۆش بوو مستەفا بارزانی ڕادەکێشێ لە گەیشتنە ئەنجامدانی بەیانی ئاداردا. هەر لە هەمان بەندا هاتووە: (هەردوولا «واتە بەرەو بەعس» پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێن بۆ وڵات، دابینکردنی بنەمایە بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتانە و دەسکەوتەکانی تری شۆڕش و کاری نیشتمانی). ئەگەر بەندەکانی تریش وەلانێین، تەنیا ئەو بەندە بەسە بۆ سپیکردنەوەی لاپەڕی ڕەش و جنایەتەکانی سەدام حوسێن دکتاتۆرە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و عێراق و مرۆڤایەتی بەگشتی و تەوهینە بە خوێنی شەهیدانی کوردستان و بە گلکۆی بارزانی. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پرۆژانە بەو هەموو کەموکورییەکیش کاک مەسعود و دەستەی نوێنەرایەتی بەرە بۆیان هەبوو مۆری بکەن، چونکە سەرکردایەتی سیاسی بەرە دەسەڵاتی پێدابوون.

*خوێنەری بەڕێز لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.*



www.arsivakurdi.org

د- کەرەسەی بینا و ئاوەدانکردنەوە بەدەگمەن چەنگ دەکەوێ.

و-دوو دەستەلات هەیە، یەکی دەولەتە،ئەوی تریش هی پێشمەرگەیە - بۆیێ کار ناروا،کاربەدەستانی دەولەت دوو دلن و ناوێرن هیچ بریارێک وەرگرن، ئەوەش بووەتە هۆی یاری کردن بە بژێوی خەلک و بەرزکردنەوەی نرخی شتومەک لە بازاردا.کاری هاونیشتمانیەکان بەبێ بەرتیل و واستە ئەنجام نادرێ . ئەوەی پارەوپولی هەبێ کارەکەی دەروا ..ئەوەی نەشی بێ نا ؟!

*باری سیاسی و عەسکەری*

أ- سیاسی

لە کوردستانی ئەمڕۆدا، سەربەستی سیاسی و تارادەیەکی زۆریش دیوکراتی پەیرەو دەکرێ، هەموو هێزە سیاسیەکانی ( بەرەی کوردستانی) و ئەو هێزانەی لە بەرەشدا ئەندام نین، بارەگا و چەکداری خۆیان هەیە، بەسەربەستیش دەتوانن راو بۆچونیان دەربرن. بۆ نمونە ئەو هێزانەی لە بەرەدانین و بارەگایان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا هەیە ئەمانەن:

- ئالای شۆرش؛ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی؛ حیزبی خوای شۆرشگێر( حزب الله الثوری) رەوتی کۆمونیست - جگەلە هێزە سیاسیەکان، رێکخراوی پیشەیی و نووسەران و هونەرمەندان و لاوان و ئافرەتانیش بارەگای تایبەتی خۆیان هەیە.

ب- عەسکەری

دوای تێکشکانە عەسکەریەکەی سالی ١٩٨٨ و ئەنفالەکان، کە رژێمی بەعس هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی دژی کورد بەکار هینا، زۆربەی پێشمەرگەکان لەسنوور پەرینەوە، بەلام لە کاتی داگیرکردنی کوێت لە لایەن بەعسەوە،هێزەکانی بەرە ،پەیتا پەیتا مەفرەزەی چەکداریان بۆ ناوچەکان رەوانە دەکرد ودەستیان بە چالاکی سیاسی دەکرد ، بەلام خۆیان دووورە پەرێز لەلێکدان لەگەل عەسکەر رادەگرت. لە گەل دەستپێکردنی شەری کەنداو ،چالاکی سیاسی و عەسکەری بەرەي سەندنو ، رۆژ بە رۆژ ئاسۆی روخانی رژێم نزیکتردەبووە ، لە شوباتی رابردوودا کە هێزە هاوپەیمانەکان لەشکری عێراقیان تێکشکاندو لە کوێت وەدەریان نا، دەزگای لەشکری و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوەی عێراقیان لە بنەوە هەلتەکاند. لە کاتێکدا بێزاری و نارەزایی خەلک بەرانبەر هەلویست و سیاسەتی رژێم پەرەی سەند، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی چەند هەنگاوێکی ژیرانەی هاوێشت وەک لێبووردنی گشتی بۆ ئەو هێزانەی سەر بەرژێم بوون( جاش و ئەفواجی خفیفە). وەک ئاشکرایە چەکدارەکانی سەر بەرژێمیش وەک زۆربەی کورد لە پرۆشکی سیاسەتی شوڤێنیستانە و ملهورانەی رژێم رزگار نەبوون، بەلکو لە زۆر ناوچەدا رژێم ناچاری دەکردن کە گوندو شاروچکەکانی سەر بەوانیش وێران کەن و ئاگری تێبەردەن، جا کە هەستیان کرد رژێم لە رووخاندایەو بەرەش لێیان دەبووری.. خۆیان دایە پال راپەرینەکەی کوردستان. لەراستیشدا لەهەندێ ناوچەدا دەستێکی بالآشیان لە تێکشکانی هێزەکانی دەولەتدا هەبوو.

دوای راپەرینەکە وتا ئێستاش ئەوچەکدارانە نەک لەبەر بیروباوەر(چونکە خاوەن بیروباوەرنین)،بەلکو لەبەر هەندێ هەلوێستی تیرەگری وناحەزیی عەشایری کۆن ،هەر دەستەیەک خۆی دەداتە پال پارتێک لەپارتەکانی بەرەی کوردستانی... حیزبەکانیش ئەوانە دەقۆزنەوە. بەداخەوە موستەشارەکان وپیاوای ئەمن و ئیستخباراتی دوێنێ ئامێر هێز و ئامر بەتالیۆنن و چەکدارەکانیشیان (پێشمەرگەیان) ناوە!

جا لەبەر ئەوەی جاشەکان-- ببوورن چەکدارە شۆرشگێرەکان - کە دوێنێ دەولەتی بەعس وای پەروەردە کردبوون کە سەربەستن لە کوشتن وتالانکردنی جەماوەردا، ئەمرۆش دەست لەکارو پیشەی کۆن هەلناگرن.بەرەش بۆی ناکرێ سزایان بدات، چونکە هەر دەستەیەک سەر بەلایەنێکی نێو بەرەن و پسوولەیان لە گیرفاندایە ..زۆر پێشمەرگە و روناکبیر پەنجە بۆ هەندێ ئامر هێزی -تازە- رادەکێشن کە تا رۆژی راپەرینەکە، چەندان کەسیان کوشتوەو ئەشکەنجەداوە، یاخود لەماوەی ئەوچەند سالانەی شۆرشی نوێدا،پیاوی سەبعاوی و تاها رەمەزان و عەلی کیمیاوی بوون، ئێستاش لە شەقلاوە، لەبارەگای حیزبەکانی بەرەدا لەپێشی پێشەوەن !

## گفتوگۆی نێوان بەرەو رژێمی بەغدا

بە گوێرەی دەزگای راگەیاندنی نێو نەتەوەیی و بەلگەنامەکانی گفتوگۆی نێوان دەولەتی عێراق و بەرە، سەرەتای رەسمی گفتوگۆ دەبێتە ١٩٩١/٤/٢. من نامەوێ بە درێژی باسی قۆناخەکانی گفتوگۆ، یاخود هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لەنێوان بەرەو دەولەت دابوون یا ئەو کۆبوونەوانەی کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کردوونی بۆ باس و لێدوان لەسەر ئەنجامی هەر قۆناخێک لە گفتوگۆکە بکەم. چونکە لە لایەک پێویستی بە نامیلکەیەک یاخود کتێبێکی قەوارە گەورە هەیە، لەلایەکی تر هەموو ئەو بەلگەنامانە لەبەردەستدا نیین تاوەکو وەک پێویست سوودیان لێوەربگیرێت. بۆیە تەنیا لەسەر چەند خالێک، کە پێوەندی بەو بەلگەنامانەوە هەیە دەدوێم.

لە ١٩٩١/٨/٢دا دەستەی نوێنەرایەتی بەرە لە بەغداوە چەند پرۆژەیەکیان لەگەل خۆیاندا بۆ کوردستان هێنابووەوە، ئاشکراشە کە سەرکردایەتی سیاسی بەرە هەندێ لایەنی ئەو پرۆژەیەی رەتکردۆتەوە (ئەوی رەتکراوەتەوە چیيە؟ من نازانم). ئەوەی شایانی باسە، کۆمەلانی خەلکی کوردستان تا ئەم دواییە، کەموزۆر ناوەرۆکی داخوازییەکانی بەرەو کۆسپ و تەگەرەی گفتوگۆی نێوان رژێم و بەرەیان نەدەزانی. چونکە نەبەرەو نە ئەو حیزبانەی راستەوخۆ لەگەل دەولەت گفتوگۆیان دەکرد رۆشناییان دەخستە سەر گیروگرفت و ناکۆکی نێوان بەرەو دەولەت نە خەبەرەکەیان بلاودەکردەوە. تەنیا لەو ماوەیەدا سێ حیزب لە بەرە (جگە لە حیزبی شیوعی) هەریەکەی ژمارەیەک رۆژنامەی ناوەندییان بلاوکردۆتەوە، هەروا دوو ئێزگەی رادیۆ لە کوردستان هەیە.

ئامن لە کوردستان بووم گفتوگۆی بەرە و رژێم بە چەند قۆناخدا تێپەری کە بەم جۆرەبوو: ١٩٩١/٤/٢ تا ١٩٩١/٤/٢٨ دەستەی نوێنەرایەتی بەرە، بە سەرۆکایەتی مام جەلال و ئەندامیەتی کاک سامی عەبدولرەحمان، کاک رەسول مامەند، کاک نێچیرەوان بارزانی، ١٩٩١/٥/٧ تاکو ١٩٩١/٦/١٧ دەستەی نوێنەرایەتی بەرە بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی و ئەندامیەتی کاک نەوشیروان مستەفا، کاک رەسول مامەند، کاک سامی عەبدولرەحمان. لە قۆناخی دووەمدا دەستەی نوێنەرایەتی بەرەو حکومەت پرۆژەکەیان

www.arsivakurdi.org



هێزەکانی هاوپەیمان، ناوچەکەیان بەجێهێشتووە، بەڵام کەس خانوەکانیانی ئاوەدان نەکردۆتەوە......

## باری ژیانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان

کوردستان لە ماوەی ئەو ۱۰-۱۵ ساڵەی دوایدا تووشی زۆر کارەساتی گەورە هاتووە، چ لەکاتی شەری هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و هاوکات شەری کورد و رژێمی بەغدا، چ لەبەر سیاسەتی ئابلوقەی ئابووری رژێم لە کوردستان، لە تەک لەنێوبردنی بنەمای ژیانی ئابووری کوردستان واتە- وێرانکردنی پتر لە ٤۰۰۰ هەزار گوندی کوردستان و سووتاندنی باخ و باخاتی، کوێرکردنەوەی کانی و سەرچاوەکانی ئاو و راگوێزانی زۆرەملی خەڵک چ بۆ کۆمەڵگازۆرەملیەکان یاخود رووکردنی جوتیارەکانی گوندەکانی نێزیک شارەکان، هەروەها قەدەغەکردنی کوشتوکاڵ، ئەو هۆیانەی سەرەوە جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی تووشی برسیەتی و کۆڵەواری کردبوو. جگە لەوەش پێشتر رژێم بە هەموو شێوەیەک نارەزایی خەڵکی سەرکوت کردووە و هەوڵی داوە برسیەتی و بێ کاری خەڵکەکە بۆ مەبەستی گلاوی خۆی بەکار بهێنێ، واتە خەڵکی ناچارکات ببێتە جاش و سیخور و......هتد. دەوڵەت هەموو ئامرازێکی بۆ شیواندنی ژیانی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی لە کوردستاندا بە کارهێناوە. بێگومان باری ناهەمواری ژیانی کورد و زەبروزەنگ و زیندان، بە کۆمەڵ کوشتن و راونان و راگوێزان و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و پێشلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، لە تەک تێکشکانی رژێم لە شەری کەنداودا، لە هەمان کات خۆراگرتنی پێشمەرگە و چالاکي نهێنی هێزەسیاسیەکانی بەرەی کوردستانی و گروپ و رێکخراوەکانی ناو شارەکان، زەمینە خۆشکەری راپەرینەکەی بەهاری ئەم ساڵ بوو.

## تەنگ و چەلەمەی ئابوری

جەماوەری کوردستان - لە ناوچە ئازادکراوەکان - و لە شارەکانی هەولێر و دهۆک وسلێمانی و کەرکووک لە تەنگ و چەڵەمەیەکی ئابوری دا دەژین، بێ کاری و گرانی کەرەستەوپێویستەکانی ژیان، لە تەک دیاردەکانی وەک: دزی، تالاْن، کوشتن، قاچغچیاتی سیمای رۆژانەی ئەمرۆی کوردستانی باشوورە.

تەنیا چەند نموونەیەک لە سەر گرانی پێویستەکانی ژیان راستی ئەو بارە دەسەڵمێنێت کە دووچاری خەڵکی بووە:

کیلۆی ئارد - ۲.۵.. دینار
کیلۆی ماست - ۳دینار
کیلۆی شەکر - ٥دینار
کیلۆی چای - ۳۰دینار
کیلۆی رۆن - ١٦ دینار
کیلۆی توتن - ۲۰-٤۰دینار
کرێی خانوو ۱٥۰دینار( بۆ دوو ژووری).

من تەنیا باسی ئەو شتانەم کردوە، نەک باسی گۆشت، برنج، میوە و سەوزە ...هتد،چونکە زۆر خێزان هەیە بە دوومانگ جارێک چاویان بە گۆشت ناکەوێ، یاخود منداڵەکانیان میوە ناخۆن... ئەوەی راستی بێت دەولەتە هاوپەیمانەکان وUN و هەندێ رێکخراوی خێرخواز دەستی یارمەتیان بۆ کورد درێژ کردوە، بەلام بەداخەوە ئەو یارمەتیانە بە نیوەچڵی دەگاتە کوردستان، جا هەندێکی لەلایەن دەولەتی ئێران و تورکیا گل دەدرێتەوە و،هەندێکی دەدزرێ وبەسیْ قات دەفرۆشرێتەوە بە خەلک. لەوانەیە لە هەندێ ناوچەدا کەنوێنەرانی UN راستەوخۆ دابەشی دەکەن بارەکە باشتربێت.

## باری ئیداری و خاوێنی و تەندروستی

لەمانگی ئادارەوە لەناوچە ئازادکراوەکان و لەوشارانەی کە بەروالەت دەستەلاتی دەولەتی تێدایە، دەزگا و ئیدارە بەو شێوەیەی کە باوە نییە و تەنیا لەوانەیە لە ناوچەی بادینان بارەکە باشتر بێ.

هۆی ئەم بارە ناهە موارە: - لەوشارانەی بەروالەت دەزگای دەولەتی تێدا هەیە دەگەرێتەوە بۆ:

١- زۆربەی کارگێرەکانی پێشوو بۆ بەغدا و موسل رایانکردوە.

۲-زۆربەی دەزگاکان تالان کراون بۆ نموونە:

أ- نەخۆشخانەکان - چوارپایە ،کورسی،ئامرازی عەمەلیات و پێداویستەکانی پزیشکان و دەرمان تالان کراون.

ب-دایرەکانی تاپۆ، نفوس،بەلدیە بەتەواوی سوتێنراون، هیچ بەلگەیەک نەماوە کە مرۆڤ بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە خاوەنی خانووێکە ، یا پارچە زەوێکە ..یا...( لە ۳۱-۳ و۱.۲.۳.٤ ی نیسانیش حەرسی جمهوری وپیاوانی بەعس لەموسلەوە روویانکردۆتە شارەکانی کوردستان ماڵەکانیان تالان کردوە ).

ج- ئامرازی ئاوەدانکرنەوە و رێگاو بان خاوێنکردنەوە وەک: ماشێنی ئاگرکوژاندنەوە،بلدۆزەر و شۆفەر و زبڵ کۆکەرەوە ...هتد هەمووی تالانکراون و بۆ ئەودیوی سنوور نێراون .

www.arsivakurdi.org

# سەردانێکی کوردستان

جەمشید حەیدەری



گەر مرۆڤ بیەوێ باسی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستانی باشوور بکات، پێویستە بە شێنەیی و بە چاوێکی بێ چاویلکە. ئەوی بەرچاوی کەوتووە و یا بیستوویەتی بیخاتە بەر بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بابەتیانە باسیان بکات و تیشک بخاتە سەریان.

دیارە سەردانەکەی من و دەیان کەسی تر لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان، دەستکەوتی ئەو ڕاپەرینەی گەلی کوردستان بوو، کە داروودەزگای حکومەتی بەغدای لە ناوچەکانی کوردستان لە بەریەک هەڵتەکاند. هەر چەند ڕاپەرین و سەرکەوتنەکەی کوردستان، تەنیا چەند حەفتەیەک درێژەی هەبوو، بەڵام چێژی ئازادی خوێنێکی نوێ وەبەر خەڵک نا و ئەوەشی سەلماند کە ڕژێم لە ماوەی ٢٣ ساڵدا سەرەرای سەرکوتکردنی خەڵک و کوشت و بڕ و بە عارەبکردنی کوردستان و خاپوورکردنی وڵات و شێواندنی باری کۆمەڵایەتی، نەک هەر نەیتوانیوە گیانی ئازادیخوازی و شۆڕشگێری خەڵکی کورد تێکبشکێنێ، بەڵکو لە کاتی هەڵکەوت و دەرەتاندا، قینی پیرۆزی خەڵک هاتە جۆش و کوردستانیان لە داموودەزگای فاشیستی و چلکاوخۆری داپلۆسێنەر پاک کردەوە.

هەر چەندە بە داخەوە هەندێ نیشانەی بێ سەر و بەری و بێ ڕێکخراوەیی لە مەودای ڕاپەرینەکەدا دەرکەوت، بەڵام ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە سەر شوێنەواری پەروەردەیی ڕژێمی بەعس بەتایبەت مستەشاران و ئامیری هێزی بەرگری و بەکرێ گیراوانی ناپاکی سەر بە میری، کە ڕاپەرینی جەماوەر و نەمانی دەستگای دەوڵەتیان بە هەل زانی و نەک هەر بۆ لەبەین بردنی بەڵگە و دۆکۆمێنتی سیخوری و تاوانباری خۆیان، دایرەکانی دەوڵەتیان ڕامالی، بەڵکو قوتابخانە و تاپۆ و نفوس و نەخۆشخاکانیشیان تالان کردن.

پاش ئەوەی هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆ سەر کوردستان پەرەی سەند و شارە گەورەکان کەوتنەوە بەردەستی ڕژێمی بەعس، هەر ئەو چلکاوخۆر و بەکرێ گیراوانەی کە دوێنێ بۆ تالان دەگەڵ ڕاپەرینی خەڵک کەوتبوون، لە جیاتی ئەوەی شان بە شانی هێزی پێشمەرگە و خەڵک بەرگری بکەن، لەترسی دەوڵەت ڕایان دەکرد و خەڵکیشیان دەترسان.

دوای ئەوە کە هێزی پێشمەرگە قارەمانانە پێشی لەشکری بەعسی گرت، ڕژێم ناچار بوو داوای وەستانی شەر و گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردستانی بکا.

ئەو کاتەی من گەشتمە کوردستان زۆربەی ئاوارەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێران گەڕابوونەوە و لە ناوچە ئازادکراوەکاندا گیرسابوونەوە. ئەوانەی شارەکانیش کەماڵیان وێران نەکرابوو، چووبوونەوە. خەڵکی ناوچەی کەرکووک نەبێ کە لە سلێمانی و پێنجوێن و دیانا بڵاوبووبوونەوە. خەڵکی شارەکانی تری بەتەواوی وێرانکراو، لە ژێر کەپر و خێوەتدا دەژیان.

ئەوەی شایانی باسە، لە ناوچەکانی سەرسنووری تورکیاوە، مرۆڤ چاوی بە هەندێ کۆمەڵگای زۆرە ملی دەکەوێ کە ئێستا کەسی لێ ناژی... کە دەپرسی بۆ ئەو خانووە کەسی لێ نییە دەیانگوت: دەوڵەت عارەبی هێنابووە ناوچەکانی سەرسنوور و زۆربەی باخ و زەوییەکانی بەوان بەخشی بوو. لەکاتی ڕاپەرینەکە و دوای هاتنی

www.arsivakurdi.org

# نامەیەک لە بەندیخانەی - ابو غریب- ەوە

*عێراق زیندانێکی گەورەیە. بە دەیان بەندیخانەی ئاشکرا و دەیانی نهێنیشی هەیە کە هەزاران کەس تیایاندا، چەندان ساڵە بێ سەر و شوێن کراون. ژیانی زیندانیەکان زۆر دژوارە، جگە لە ئەشکەنجە و لێدان، ناشیرینترین رەفتاریشیان لەگەڵدا دەکرێ.. لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی دواییدا، رژێمی عێراق چەند جار لێبوردنی بۆ زیندانیەکان دەرکردوە، بەڵام ئەمە نەبۆتە مایەی رزگاربوونی کەس لەو زیندانانەدا. ئەم ساڵ لە ٧/٢١ رژێم لێبوردنی گشتی بۆ بەندییە سیاسییەکان دەرکرد، بەڵام تا ١٩٩١/٨/٢٥، جگە لە ١٦ کچی کورد، کەس بەرنەدرا. ئەم نامەیەی خوارەوە کە لە زیندانی (ابو غریب)ەوە هاتووە، ئەو راستییە دەسەلمێنی کە حکومەتی بەغدا خاوەنی هیچ گفت و بەڵێنێکی باوەڕپێکراو نییە.*

تکا کارین بە هانامان وەرن!

## بۆ بەڕێزان: لیژنەی بەرگری لە مافی زیندانییەکان ......

سڵاوێکی گەرمی مرۆڤانەتان پێشکەش دەکەم، هیوادارم سەرکەوتووبن و شێلگیرانەتر لەپێناو پاراستن و وەدیهێنانی مافە رەوا و مرۆڤایەتیەکاندا کار بکەن. چونکە وەکو دەزانین نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام و تەقەلای مرۆڤەزرینگ و پیرۆزەکان بووە، بۆ پاراستن و بەرگری کردن لە مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیەکان و بووەتە قیبلەگای هەموو کەس و نەتەوە و ولاتێک کە بیەوێ بژێت و هەناسە بدات. سکالاّ و خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵرژێت لە دەست کردار و رەفتارەی درندانەی گورگە مەرگچنەکان.

ئێمەش لێرە، لە زیندانەکانی (ابو غریب) کە وێنەیەکی بچووکراوەی عێراقە کەوتووینەتە بەر ئەم شالاّوە بەرفراوانە بێ وێنەیەی دژ بە مرۆڤایەتی و مافی ژیان.. شێوەیەک رەفتار و هەڵسوکەوتێکمان لەگەڵ دەکەن کە زۆر لە ئاژەڵ کەمترین و شانزی ئاغا (کوێلەدار و کوێلە) ئەگێرن و رۆژانەش خراپتر و رەفتاری سەیرتر بەکار دێنن. بۆ نموونە:

ئێمە بەناو (اشغال شاقە) مان نییە، بەلاّم بە رفتار و شێوازی تر (اشغال شاقە)یە و بەردەوام ئیشمان پێدەکەن. ناو سجن و دەرەوەی بەندیخانەمان پێ خاوێن دەکەنەوە و دەشۆین. بێجگە لە ئیشی ناو مەتبەخەکان و خواردن چاکردن، رۆژی دوو سێ جار (مەستار- تعداد) واتە سەرژمێرمان دەکەن یەکە یەکە بەناو هەر جارێ بە لایەنی کەم (٥و١) سەعاتی پێدەچێت. دانیسشتن و چوونە ژوورەوەش بە راکردن و هەروەڵەیە، ئەگەر بێت بە چرکەش دوا بکەوین، ئەوا وای لە حاڵمان. لێدان و مەحجەر (١) چاوەروانە. لەسەر ریش تاشین زۆر توندن کە لە (معسکر ضبط)یش وانەبێ. کاغەز بە ریشت دادێنن، دەبێ رۆژی دوو جار ریش بتاشیت، چونکە بەیانیان و ئێواران پشکنینی ریشە. خوانەخواستە یەکێک ئەو رۆژە لەبیری چووبێت ریشی بتاشێت لەناو ساحەکەدا، لەبەر چاوی هەموو بەندییەکان، راکردن و لەسەر سکخشان و لەسەر چۆک راکردن و تەقلە و لەناو قوڕ و پیسایی وەردان و لەسەر چوار لەپ رێکردن و لاسایی ئاژەڵ کردنەوە هەروەها دەکەونە گیانمان بە سۆندە و کێبڵ، بێجگە لە جوێن و قسەی ناشیرین. ئەگەر سیاسی بیت دەبێ جوێن بە بیرو باوەڕ و رێکخراوەکەت بدەیت و، ئەگەر جنائیش بیت دەبێ جوێن و قسەی ناشیرین بەخۆت بدەیت. دوای ئەوەش بەلای کەمی (٣) مانگ دەتخەنە مەحجەر، کە ئەویش شوێنی ئازار و لێدان و ئازاری توندی نەفسیە کە ٣ ژەمە لێدان و کوتانە، نەکارەبا و پانکە هەیە، تەنیا خواردنێکی خراپ و ساردبۆوەت دەدەنێ کە رۆژی نان و نیوێکە لەگەڵ ئاوێکی رووتی رەنگ سوور. هەریەکێ ناوی ئاژەڵێکیشیان لێناوین بە گوێرەی لێچوون و نزیکی سەر و دەموچاو و لەش لەو ئاژەڵە، بەناوی ئەو ئاژەڵە بانگ دەکرێن. ناو رەدهەکانیش بۆخۆیش تەویلەیەکە سەگیش تێیدا ناژێت. ئاو بە کات و سات بەردەدرێتەوە، کارەباش ئەوا هەندێ سەعات هەیە، بەلاّم خۆیان هەموو کات هەیانە. پانکە و مەبەریدەش نییە. دانشیتن و نانخواردنی دوو دوو و سێ سێ قەدەغەیە. بۆ کاتی (اخبار- دەنگ و باس) یش دەبێ کەس قسەیی لێوە نەیەت تا هەر دوو اخباری سەعات (٩) و (١١) تەواو دەبێت. جاری واهەیە کابرا قسە دەکات (٣.٤) سەعاتی پێ دەچێت پشکنین و راپۆرت نووسینیش بەردەوامە، کە بەخۆیان و سۆندە و کێبڵ وەژوور دەکەون نەشەویان بۆ هەیە نە رۆژ..

لە هەمووی ناخۆشتر، تێکەڵکردنی گیراوە سیاسییەکانە لەگەڵ جینائییەکان، کە زیاتر لە ساڵ و نیوێکە پیلانیان بۆ کێشاوە و لەوانیش کەمتر موعامەلەمان لەگەڵ دەکرێت. سەد جار خەڵکی دز و رێگر لە خەڵکی سیاسی بەشەرەف تر دەزانن و بۆ ئەوەی ئیسباتی بکەن کە گیراوی رامیارییان نییە و شوێنی دیاری کراویان نییە.

بۆ لێبوردنی ٢١-٧-١٩٩١یش کە بەناو بۆ گیراوی بە هۆی سیاسی بەندکراوە و هەموومان ئەگرێتەوە بەلاّم کەسێک بەرنادەن چونکە ئەمە یەکەم و دووەم و سێیەم لێبوردن نییە کە جێبەجێ نەکرێ. ساڵی ١٩٨٦و ١٩٨٨و ١٩٨٩و ١٩٩٠. شاهێدە بۆ ئەم شتە. چەندین لێبودنی تر راگەیاندراوە و بەناو هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە کەچی کەسیش بەرنابێت. بەندی هەیە ١٢ ساڵە، ١٤ ساڵە، ١٧ ساڵ و...... هتد کە تاکو ئێستا مامەڵەی گیانلەبەر و درندانە نەگەیشتۆتە سنووری ئەمرۆ. بە کورتی ئێرە هیچ سیمایەکی بەندیخانەی پێوە نەماوە، بۆتە تەوێلە و ئۆردوگای کوێلەکان بەدەست جەند درندە و مرۆڤ نەناسێکەوە کە زمانی چاکردن و ئیسلاحیان شەق و جنێو و سەگ و کەر و تێهەڵدانە کە نەوەک هەر مافی مرۆڤایەتیمان لێزەوت کراوە بەلکو دەمانەوێت مامەلەی وەک ئاژەڵیشمان لەگەڵ بکرێت، هەر باشە.

جا داواتان لێدەکەین وەک رێکخراو و لیژنەیەک بۆ بەرگری لە مافی زیندانییەکان و مامەلە و هەڵسوکەوتیان باش بێت و دەست هەڵگرن لەم کارە درندانانەیان و گوشارێک بخرێتە سەر ئەم مرۆڤ نەناسە گورگانە. ئێرەش - ابو غریب- یەکەمین تەجروبەیانە بۆ ئەم پرۆژەیەی کە لەبەردەستیانە بۆ ئەوەی لە باقی بەندیخانەکانی تریش جێ بەجێ بکەن، کە ئێستا هێزی تایبەتی و ئاسایش (امن و قوە الاجرامیە وقوات طواری) بەرێوەیان دەبات. ئێتر هیواداریین بە دەنگمانەوە بێن. دەنگی کپ کراو و قورگی خنکاومان ببسترێت.

زیندانیەک لە بەندیخانەی - ابو غریب -
هەینی: ١-٨-١٩٩١

www.arsivakurd.org

# بـەربـانـگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

بەرپرسیار: ن. کریف
سەرنووسەر: ئا. تگریس

*دەستەی نووسەران*

ج. حەیدەری
خەبات عارف
ل. جەنگین
پ. خۆرتۆ
سیامەند شێخ ئاغایی
دیلان دەرسیم

*پیتچنین و دەرهێنانی هونەری*

ئا. تگریس- ن. کریف- دیلان دەرسیم

*ئامادەکردنی بەشی دملی*

هـ . دلژەن

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٢٠٠کرۆنی سوێدییە


دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسیناتەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاوەدەکرێنەوە.


**ناونیشان:**

BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM

**تەلەفۆن:**

08- 652 85 85

**پۆستگیرۆ:**

64 38 80-8



**ژمارە ٧٥ ساڵی (١٠) ١٩٩١**

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.

☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.


## ● لەم ژمارەیەدا ●

### کرمانجی خواروو


نامەیەک لە بەندیخانەی (ابو غریب)ەوە..............................
سەردانێکی کوردستان ......................... جەمشید حەیدەری
رۆژنامەگەریی کوردی و......................... نەژاد عەزیز سورمێ
رۆمانی «پێشمەرگە»ی......................... کەریمی حسامی
ئەستێرەی دارژاو ..................چیرۆک............ رێکار ئەحمەد
دیوەرەوکەر ..................... شیعر............ عەبدوڵلا پەشێو
خەم مەخۆ گوڵم.................. شیعر............ ع. هاوار
پاڵتۆ سوور......................شیعر........... رزگار عەبدوڵلا
هەواڵ و ئاگاداری.................................. بەربانگ


### کرمانجی ژووروو


لە سویدێ هەڵبژاردن............................ ئا. جۆتکار
چفینا ئەنداما ریداکسیۆنی بەربانگ .............. لۆران جەنگین
پێشبرک ..............................................
ئەم کوردن لۆ ............................... م. خارپێتی
پرۆگراما پەروەردە .............................ئەحمەد تگریس
رەوشا کوردان لە زیندانا ترک ..................... ک. بزاف
پەیڤینەک لەگەڵ م. زانا.......................... جەمشید حەیدەری
پێشمەرگە..................................... کریمی حسامی
ویش.................................................
پەرتووکیکی نو............................. ئەحمەد جانتەکین
کورد خۆدی لە کورد دەرکەڤی..............................
هەڵبەست.................................... ئەحمەد حوسێنی


### دملی (زازاکی)


دەسەر بەربانگ و جێینێ.......................... هـ . دلژەن
ئەبدوبە قەران................................... کۆیو بەرز
هەلبەست ................ فرادێ وا پەیرێ .............. کۆیو بەرز


*وێنەی بەرگ: (ئاشتی لە کوردستان) هونەرمەند محەمەد عارف*

**ئاگاداری**

ناونیشانی سەردانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد.


S:t Eriksgatan 33B, T. Fridhemsplan
Tel. 08- 652 85 85
fax: 08- 650 21 20



www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ژمارە ٧٥ | گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید | ساڵی «١٠»



www.arsivakurdi.org